UNITED KURDISTAN

# یەکبوون

کوردستان یەک وڵاتە و کوردیش یەک نەتەوەیە و دابەشکراون

JULY 2011 یەکبوون ١٦ گەلاوێژی ٢٧١١




## لەم ژمارەیە دا :


- گرینگی یەکییەتی نەتەوەیی ... بۆ لاپەرەی ٢
- کرۆنولوژیی پەروەندەی تیرۆری د. قاسملوو...بۆلاپەرەی ٣
- پاشاکانی ماد .. بۆ لاپەرەی ٧
- یادێک لە شەهید محەممەد نانەوازادە ... بۆ لاپەرەی ٩
- کۆنفرانسی پەیمانی سێ سنوور ... بۆ لاپەرەی ١٠
- پەیڤێک لە سەر ناونانی منداڵان لە کوردستان دا ... بۆ لاپەرەی ١١
- چیرۆک بۆ منداڵان ... بۆ لاپەرەی ١٢
- تەندروستی ... بۆ لاپەرەی ١٣
- وتەی زانایان ... بۆ لاپەرەی ١٤
- پەندی پیشینیان ... بۆ لاپەرەی ١٥
- رۆژ ژمێری مێژووی کوردستان مانگی پووشپەر... بۆ لاپەرەی ١٦
- یادی ٢٣ ساڵەی بوردمانی شیمیایی گۆندی زەردە ... بۆ لاپەرەی ١٨
- پیرە دار - شێعر... بۆ لاپەرەی ٢٠

# گرینگی یەکییەتی نەتەوەیی



نووسەر: غەزاڵ عەلیاڵی

بێگومان گەلی کورد یەکێک لە هەرە چەوساوەترین گەلانی دونیایە و ئێستاش ڕۆژانە لە لایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە بە هۆڤانەترین شێوە دەچەوسێنرێتەوە. دەوڵەتانی سەردەستی کوردستان لە هیچ میتۆدێکی نامرۆڤانە درێخیان نەکردووە بۆ چەوساندنەوەی گەلێ کورد و تاڵان کردنی سامانی کوردستان. هەرچەند گەلی کورد بەردەوام خۆڕاگری کردووە و هیچ کات ملکەچی داگیرکەران نەبووە بەڵام لە هەمان کاتدا گەلی کورد نەیتوانیوە بە ئامانجەکانی خۆی بگا و لەو مافانەی کە گەلانی ناوچەکە هەیانە ئەویش بێ بەش نەبێ و بەو شێوازەی کە بۆخۆی دەیهەوەێ بتوانێ بە ناسنامە و کولتوری خۆیەوە بژی.

دیارە هۆکاری ئەوەی کە کورد سەرنەکەوتووە زۆرن، بەڵام یەکێک لە سەرەکیترین هۆکارەکان نەبوونی یەکێتی نەتەوەیی کوردە. یەکنەگرتوویی کورد زەربەی گەورەی لە کورد داوە و گەورەترین قازانجیشی بۆ داگیرکەرانی کوردستان هەبووە. ئێستاش داگیرکەران دەزانن کە بە کورد نەبێ شەڕی کوردیان پێ ناکرێ و هەر بەوپێییەش بەردەوام لە هەوڵی پرش و بڵاوکردنی کوردان دان. دیارە دوژمن یان نەیار، هەر وەک بە نێوەکەیرا دیارە، دوژمن و نەیاری تۆیە و ئەگەر ئەو هەوڵانەش بدا، شتێکی سەیر و نامۆ نییە، بەڵام ئەوە جێگای پرسیارە کە بۆچی و هەتا کەنگێ کورد ئەو خاڵە لاوازەی خۆی نابینێ و یەک ناگرێ؟

هەروەک دەزانین ڕاپەڕینی گەلانی ناوچەکە لە ئافریقای باکوورەوە تا دەگاتە ڕۆژهەڵاتی ناوین، سیستێمی دیکتاتۆری وەلەرزە هێناوە و بانگەوازی دێمۆکراسی و ئازادی گەلانی ناوچەکەی پێیە. دیارە گەلانی ناوچەکە هەمووی بە بەشی خۆی ئازار و چەوسانەوەی زۆری بینیوە، بۆیە هاتونەتە سەر شەقامەکان و باوەڕبەخۆ داوای مافەکانی خۆیان دەکەن و لەو پێناوەدا ئامادە بوون قوربانی زۆر گەورەش بدەن. شک لەوەدا نییە کە گەلی سوریە، میسر، تونس، یەمەن و هتد... ئازار و زەحمەتیان کێشاوە، بەڵام من لەو باوەڕەدام کە هیچ یەک لەو گەلانە بە ئەندازەی گەلی کورد ئازار و چەوسانەوە و بێ بەشییان نەکێشاوە. ئەی بۆچی ئەورۆ دەبینین کە گەلانی ناوچەکە ئاوا تێکڕایی و بە لێشاو هاتوونەتە سەر شەقامەکان و داوای ئازادی دەکەن بەڵام گەڵی ئێمە بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاوا بێ دەنگ و لەماڵاندان؟

من لەو بڕوایەدام کە یەکێک لە سەرەکیترین هۆکارەکان هەڵوێستی هەڵەی بەشێکی زۆر لە لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵگری هێندێک چەمکی تایبەت، کە بە کورتی دەتوانین بەو شێوەیە باسی بکەین:

بەشێک ئەوانەن کە چاوەڕوانی هێرشی ئامریکا بۆ سەر ئێرانن کە بێت و کۆماری ئیسلامییان بۆ بڕووخێنێ و حکومەتێکی دێمۆکڕاتیک دابمەزرێنێ و مافە ڕەواکانی گەلی کوردیش دابین بکات. لێرەدا پێویستە ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین کە ئامریکا تا ئێستا لە کوێ توانیویەتی ئاسایش و ئەمنیەت بەدی بێنێ و ئاشتی سەقامگیر بکات؟ ئایا ئەو حکومەتەی کە بە ساڵیانی دور و درێژ لە لایەن زۆربەی هەرە زۆری گەلانی دونیاوە بە ئەمپەریالیستی جیهان واتە داگیرکەری گەورە ناسراوە، دەتوانێ لە ماوەیەکی کورتدا ئەوەندە گۆڕانکاری بەسەردا بێت کە ببێت بە پەیام هێنەری ئاشتی و ڕزگاریدەری گەلان؟ لە ڕۆژهەڵاتی ناوین؟! ، ئەوە ڕاستییەکی بەڵگەنەویستە و هەموومان دەزانین کە ئامریکا تەنیا بەدوای بەرژەوەندی خۆیەتی و ئەو پرۆژەیەش کە هێندێک لایەنی کوردی چاوەڕوانی دەکەن تەنیا دڵخۆشکەرێکە؛ هەموو دەزانین ئاکامەکانی ئەم پرۆژەیە لە ئەفغانستان و عێراق چی بوون و دەبینین کە ئێستا دوای چەندین ساڵ تەنانەت ئەمنیەتی گیانیش لەو وڵاتانەدا بوونی نییە.




بەشێکی تر ئەوانەن کە بە تەمای ئاوا کردنی ئێرانێکی دێمۆکڕاتیکن لە ڕێگای یەکگرتن لەگەڵ سەلتەنەت تەلەبەکان یان باشتر بڵەین بە خۆ هەڵاوەسین بە وانەوە. سیستێمی پاشایەتی هەمان سیستێمە کە بە درێژایی سەدان ساڵ گەورەترین زوڵمەکانی لە گەلی کورد کردووە. هیچ کوردێکی بەشەرەف ناتوانێ لە سێدارەدانی پێشەوا قازی محەمەد لەبیر بکا ، ئایا پاشماوەکانی سیستێمی پاشایەتی کە ئەورۆکە بانگەشەی دێمۆکڕاسی دەکەن تا ئێستا ئامادە بوون جارێک ڕەخنەی خۆیان بکەن و لەگەڵ ڕابردووی خۆیان کەگەلانی ئێران بەگشتی ئازار و چەوسانەوەیەکی زۆری بە دەستیانەوە بینیوە، ڕووبەڕوو ببنەوە؟ نەک تەنیا قەت ڕەخنەیان نەکردووە بەڵکوو زۆریش شانازی بە ڕابردووەکەیان دەکەن، کە واتە ئەو بیرۆکەیەی کە سەردەمی لەسێدارەدانی قازی محەمەد هەیانبوو ئێستاش هەر هەیانە و بەسەر خۆیاندا ناچنەوە، کەوایە بۆ چی هێندێک لایەنی کوردی دەبێ ئەم هەڵوێستەی ئەوان بەرامبەر بە گەلی کورد نەبینێ و بەردەوام لە هەوڵی خۆشیرین کردندا بێت؟

لایەنێکی تر ئەوانەن کە چاویان لە گۆڕانخوازەکان ( ئیسلاحتەلەبەکان) و بزوتنەوەی سەوزە کە ڕێگای چارەسەری کێشەی کوردیان بۆ بکەنەوە. بزوتنەوەیەک کە لە سەرەتای ئاوا

سەرچاوە
Serchawe

بوونییەوە تەنانەت بۆ یەک جاریش ئامادە نەبووە باسی نەتەوەی کورد یاخود نەتەوەکانی تری ئێران بکات. بزوتنەوەیەک کە لەو دواییەدا واتە لە کاتی هەرە لاوازی خویدا، لە کۆبوونەوەی تایبەت بە نەتەوەکانی ئێران کە لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە ساز کرابوو، دەڵێ " کورد و آذری و بەلووچ و عەرەب و تورکمەن لە ئێران میوانی ئێمەن، ئەگەر ڕازی نین و حەزیان لێ نییە دەتوانن ئێران بەجێ بهێڵن و بڕۆن! " ؛ پێویستە لێرەدا ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین کە ئەگەر ئەوانە بێنە سەر دەسەڵات و هێز بە دەستەوە بگرن ئایا مافی گەلانی ئێران و بەتایبەت گەلی کورد دابین دەکەن؟ ئایا بزوتنەوەیەک کە دروشمی هەرە گەورە و بەرچاوی "گەڕاندنەوەی ئێران بۆ سەردەمی زێڕینی ئیمام خومەینی" و دروشمی لایەنە نەژادپەرستەکانی تورکیە کەبەگەلی کورد دەڵێن"یان حەزی لێبکە، یان بەجێی بهێڵە" دوبارەدەکاتەوەدەتوانێ ببێتە ڕزگاریدەری گەلی کورد؟ دەیانهەوێ بمانگەڕێننەوەبۆ ئەو سەردەمە زێڕینەی کە تێیدا خومەینی فەرمانی جیهادی دژ بە کوردان دەرکرد!

جیا لە هەمووی ئەوانە شتێکی کە جێگای داخە ئەوەیە کە گەلی کورد کە بە درێژایی مێژوو لە خەبات و تێکوشان بۆ ئازادیدا پێشەنگ بووە، ئێستاکە بۆ چی دەبێت خۆی بکات بە پاشکۆ، ئەویش پاشکۆی ئەوانەی کە ڕابردوویەکی زۆر ڕەشیان بەتایبەت لەمەر گەلی کوردەوە هەیە؟

هەڵبەت هەمووماندەزانین کە ئازادی و دیمۆکراسی لە ئێراندا بە یەکگرتوویی دیمۆکراتیکی هەموو گەلانی ئێران بەدی دێت، لە یەکگرتوویی دیمۆکراتیکیشدا پێشکۆ بوون و پاشکۆ بوون، باڵادەستی و ژێردەستی بوونی نییە. بەڵام ئەوەی کە ئێستا دەبینرێ چاولەدەست بوون و پاشکۆ بوونی لایەنە کوردییەکانە کە بەرهەمی خۆبچووک زانینیانە لە بەرامبەر لایەنە ئێرانییەکاندا. ئەم خۆبچوک بینینەش تەنانەت بۆتە هۆکاری نکۆڵی کردن لە خۆیان و وەکوو مەرجی سەرەکیش بۆ بەشدار بوونیان لەو کۆڕ و کۆبوونەوانەدا لە لایەن لایەنی ئێرانیەوە لەبەرچاو دەگیردرێ!

وەکوو دوا گووتەمرۆڤ دەتوانێ بڵێ کەگەلی کورد هیچ شتێکی لەو گەلانەی کەماف و ئازادیەکانی خۆیان بەدەست هێناوە کەمتر نییە. کاتێ مرۆڤ ئاوڕێک لەو گەلانە دەداتەوە دەبینێ کە لە ئاکامی خۆ بە ڕێکخستنکردن، نرخ و بەها دان بۆ ئازادی و لە هەمووی گرینگتر پێکهێنانی یەکییەتی نەتەوەیی خۆیان، توانیان بە ئامانجەکانی خۆیان بگەن. بەدرێژایی سەدەی بیستەم کەزۆربەی گەلانی جیهانی کیانی سەربەخۆی خۆیان دامەزراند، گەلی کوردیش هێندەو بگرەلەزۆربەی ئەو گەلانەش زیاتر قوربانی بۆ بەدەستهێنانی ئازادی و مافەکانی خۆی داوە. هیچ کاتێک ڕۆڵەکانی گەلی کورد لەگۆڕەپانی تێکۆشان دانەبڕاون و پاشگەز نەبوونەتەوە، بەڵام مخابن لەبەر نەبوونی یەکییەتی نەتەوەیی و کەلێن لەنێو ڕێکخراوەسیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی گەلی کورددا، کاروانی تێکۆشانی گەلی کورد هێشتا بەسەرەنزڵگا نەگەیشتووەو هێشتا هەر بەردەوامە.

ئیدی کاتی ئەوە هاتووەکە پارت و ڕێکخراوەکانی کوردستان لە جێگای بەڕێوەبردنی سیاسەتی ڕۆژانە، لە خەمی داڕشتنی ستراتێژییەکی هاوبەشی کوردستانی دا بن. بە تەنیا نرخە پیرۆزەکانی مێژووی سەدەی ڕابردووی تێکۆشانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەسە بۆ ئەوەی هەموو پارت و ڕێکخراوەکانی کورد لە دەوری ئەو نرخانە کۆ ببنەوە و بە پتەو کردنی هەستی یەکییەتی نەتەوەیی هیوایەکی نوێ لە گۆڕەپانی تێکۆشاندا، بە تایبەت لە نێوخۆی وڵاتەوە درووست بکەن و بەو شێوەیە لەدۆخی پاسیڤ و چاولەدەست بوونی ئێستا دەرکەون و ڕۆژەڤی تێکۆشانی خۆیان دەستنیشان بکەن و لە جێگای ئەوەی لە ڕێگا چارەی کێشەکان لە دەرەوە بگەڕێن، بە هەڵوێستێکی ڕەخنەگرانە لە بەرامبەر سیاسەتی ئەم چەندساڵەی دواییدا، ڕێگا بۆ قەڵەمبازێکی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا خۆش بکەن. بێگومان بەر لە هەر شتێک، هەنگاو هەڵێنان و ویستی پێکهێنانی بەرە، یان ستراتێژییەکی یەکییەتی نەتەوەیی دیمۆکراتیک دێت.

رۆژهەلات تایمز

# کرۆنۆلۆژیی پەروەندەی تیرۆری د. قاسملوو

## بە بۆنەی ٢٢ ساڵەی تیرۆری شەهیدانی وییەن

مانگی دیسامبری ١٩٨٨: هەیئەتێکی ئێرانی بە سەرۆکایەتیی جەعفەری سەحرارودی و بە هاوڕێیەتیی مستەفا ئەجەوادی (مستەفەوی) گەیشتە ڤییەن بۆ ئەوەی لەباری خودموختاریی کوردستانی ئێرانەوە لەگەڵ سەرکردایەتیی حیزبی دێموکرات وتووێژ بکا.



□ ٢٧ی دیسامبری ١٩٨٨:دوکتور قاسملوو لەگەڵ عەبدوڵلا قادری ئازەر (نوێنەری حیزب لە ئورووپا) بەناوبژیوانیی مام جەلال تاڵەبانی لە ڤییەن لەگەڵ هەیئەتێکی کۆماری ئیسلامی کۆ بوونەوە.

□ ٣١ی دیسامبری ١٩٨٨: جارێکی دیکە هەیئەتی حیزبی دێموکرات و هەیئەتی کۆماری ئیسلامی هەر لەو شارە کۆبوونەوە. کۆبوونەوەکە نزیک بە ٨ ساعاتی خایاند.

□ ١٩ی ژانویەی ١٩٨٩: دەوری دووهەمی کۆبوونەوەکان لە نێوان هەیئەتی حیزبی دێموکرات و هەیئەتی کۆماری ئیسلامی دەستی پێ کرد. دوکتور قاسملوو بە بێ مام جەلال بەشداری کۆبوونەوەکان بوو، لە جیاتیی مام جەلال نەوشیروان مستەفا بەشدار بوو. هەیئەتی کۆماری ئیسلامییش بریتی بوون لە سەحرارودی و مستەفەوی و بوزورگیان.

□ ٢٦ی ژووئەنی ١٩٨٩: ئەمیر مەنسوور بوزورگیان لە سویسەوە هاتە ڤییەن و چاوی بە دوکتور فازل ڕەسووڵ کەوت و ٣ خاڵی پێ ڕاگەیاند:

١- ئێران ئامادەیە بۆ وتووێژ

٢- ئێران پێی باش نیە تاڵەبانی بەشدار یا تەنانەت ئاگاداری کۆبوونەوەکان بێ

٣ - لە جیاتیی تاڵەبانی ئێران پێی باشە د. فازل ڕەسووڵ وەک ناوبژیکەر بەشدار بێ.

□ ٢٧ی ژووئیەی ١٩٨٩: د. فازل ڕەسووڵ تەلەفۆنی بۆ دوکتور قاسملوو کردو پێی گوت کە هەیئەتێکی ئێرانی پێیان ڕاگەیاندوە کە ڕەفسەنجانی دوای مردنی خومەینی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد زۆر تامەزرۆیە. ئێرانی یەکان ئامادەن ڕۆژی ٢٩ ی ژووئەنی ١٩٨٩ لەگەڵ لایەنی کورد دابنیشن.

سەرچاوە
Serchawe

□ ٣٠ی ژووییەی ١٩٨٩: دوکتور فازل ڕەسووڵ بە فڕۆکە چووە پاریس بۆ لای دوکتور قاسملوو. پاش ئەم دیدارە دوکتور فازل، ئەمیر مەنسوور بوزورگیای ئاگادار کردەوە کە دوکتور قاسملوو ئامادەیە سەرلەنوێ لەگەڵ هەیئەتی کۆماری ئیسلامی کۆ بێتەوە.

□ ٦ ی ژووئیەی ١٩٨٩: وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕایگەیاند کە ڕۆژی ٧/١٤ ڕۆژی چلەی مەرگی خومەینییە و، وریایی دا کە ئەگەری ئەنجامدانی کاری تێرۆریستی هەیە.

□ ١٠ی ژووئیەی ١٩٨٩: پاشنیوەڕۆی ئەو ڕۆژە سەحراروودی گەیشتە ڤییەن و ڕۆژی دوایی چووە هەمان هۆتێل کە مستەفا ئەجوادی پێشتر لێی جێگیر ببوو، ئەوان تا ڕۆژی ١٤ ی ژووئیەی ١٩٨٩ ژووریان لەم هۆتێلە ڕیزێرو کرد بوو.

□ ١١ی ژووئیەی ١٩٨٩: دوکتور قاسملووو عەبدوڵڵای قادریئازەر گەیشتنە ڤییەن. پاش چەند ساعات چوونە ماڵی د.فازل بۆ بینینی سەرۆکی پێشووی ئەلجەزایر ئەحمەد بێن بیلا.

□ ١٢ی ژووئیەی ١٩٨٩: دەوری سێهەمی کۆبوونەوەکان لە نێوان هەیئەتی حیزبی دێموکرات و کۆماری ئیسلامیی دەستی پێکرد. پاش دانیشتنێکی چەند سەعاتە هەیئەتی کۆماری ئیسلامی گوتیان پێویستە ئەنجامی کۆبوونەوەکان بە تاران ڕابگەیەنین و بۆ سبەینێ دووبارە ئامادەن درێژە بە وتووێژ بدەنەوە.

□ ١٣ی ژووئیەی ١٩٨٩: دوکتور قاسملووو عەبدوڵڵای قادریئازەر سەعات ٤ی پاشنیوەڕۆ بە هاوڕێیەتیی خوسرەو بەهرامی نوێنەی حیزب لە ڤییەن سەردانی وەزارەتی نێوخۆی ئوتریشیان کردو چاویان بە سەرۆکی بەڕێوەبەری گشتیی وەزارەت کەوت. هەر لەوێشەوە وەڕێ کەوتن بۆ شوێنی کۆبوونەوە لەگەڵ هەیئەتی کۆماری ئیسلامی.

□ ١٣ی ژووئیەن ١٩٨٩ کۆبوونەوەی دووهەم لە شوێنی ڕۆژی پێشوو دەستی پێکرد. دەوری سەعات ٧:٢٠ دوکتور قاسملوو، عەبدوڵڵای قادریئازەرو د. فازیل ڕەسووڵ درانە بەر گوللە. لەو ڕووداوەدا سەحراروودییش بە هۆی دەست کردنەوەی عەبدوڵڵای قادری ئازەر، بە گوللەی خۆیان برینداربوو. سەعات ٧:٣٧ پۆلیس گەیشتە شوێنی ڕووداوەکە.





□ ١٤ی ژووئیەی ١٩٨٩: بە هۆی فشاری وەزارەتی دەرەوەی ئوتریش بۆ سەر دادگای ڤییەن و پۆلیسی ئەو وڵاتە، پرۆسەی دەرکردنی بەڵگەی تاوانبار بوونی دوو ئێرانییەکە (سەحراروودی و بوزورگیان، بەو بیانوویە کە هیچ شتێکیان لەسەر ئیسپات نیە، نەچووە پێش. بوزورگیان نێردرا بۆ باڵوێزخانەی ئێران

□ ١٦ی ژووئیەی ١٩٨٩: دەفتەری ڕێکخراوی موجاهیدینی گەلی ئێران لە شاری کۆڵن زانیاریی وردی لەسەر سەحراروودی و بوزورگیان بڵاو کردەوەو ڕایگەیاند ئەمانە نەک دیپلۆمات بەڵکوو لە بەرپرسانی بەرزی دەزگای ئیتلاعاتی ئێرانن و بە فەرمانی ڕەفسەنجانی و فەللاحیان ئەم تێرۆرەیان ئەنجام داوە.

□ ١٩ی ژەئیەن ١٩٨٩: دوکتور دانیک، (دادوەر لە دادگای ڤییەن، پاش بازجۆیی لە Maihart (خاوەن فرۆشگەیەک) بۆی دەرکەوت کە ئەو ماتۆرسیکلێتەی پۆلیس دۆزیویەتەوە، سەحراروودی بە ناوی ساختەی "مستەفا یالچین" کڕیویەتی.

□ ١٩ی ژووئیەی ١٩٨٩: خاتوو هێلێن قاسملوو ڕای گەیاند ئەوانەی مێردەکەیان تێرۆر کردوە هەرسێکیان سەر بە دەزگای ئیتیلاعاتی ئێرانن و بە فەرمانی ڕەفسەنجانی (سەرکۆماری ئەوکات) ئەم تاوانەیان ئەنجام داوە. خاتوو هێلێن لە ڕێگای پارێزەرەکەیەوە داوای زیندانی کردنی تاوانبارانی کرد, بەڵام لەبەر ئەوەی کاربەدەستانی ئوتریش بۆ خۆیان لە نێو خۆیان دا ڕێک کەوتبوون، داواکەیان ڕەت کردەوە.

□ ٢٠ ی ژووئیەی ١٩٨٩: تەرمی دوکتور قاسملوو بە بەشداریی ژمارەیەکی زۆر کورد، ئێرانی و فەرانسەیی کە زۆر کەسایەتیی ناسراوو بەناوبانگیان لە نێودا بوو، لە گۆرستانی پیرلاشێز بە خاک سپێردرا.

□ ٢٢ی ژووئیەی ١٩٨٩: سەعات ٧ی ئێوارە، سەحراروودی لەگەڵ چەند لێپرساوی باڵوێزخانەی ئێران و بە یاوەریی پۆلیسی ئوتریش گەیشتە فرۆکەخانەی ڤییەن و لەوێشەوە بە سلامەت گەیەنرایەوە ئێران.

※ ٢٧ ی ژووئیەی ١٩٨٩: ڕۆژنامەی سەربەخۆی ئوتریشیی "دێرئێستاندارد" (دوو حەوتوو دوای تێرۆرەکە) نووسی: بە تەواوی دیارە کە کاربەدەستانی دەوڵەتی هەرچی لە دەستیان هات کردوویانە بۆ ئەوەی کارهاسانی بۆ چوونەوەی شاهیدان و تاوانباران بۆ ئێران بکەن و نەهێڵن نهێنییەکانی ئەم تێرۆرە ئاشکرا بێ".

※ ٣١ی ئۆکتۆبری ١٩٨٩: ئەنجومەنی دۆستانی گەلی کورد لە ئوتریش لە کۆبوونەوەی خۆیدا بە تێکڕای دەنگ بڕیاریدا دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو بە ناوی کاندیدای وەرگرتنی خەڵاتی ساڵی ١٩٩٠ بە کومیتەی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل بناسێنێ. بە دوای پشتیوانیی دەیان پرۆفیسۆرو نوێنەری پارلمان لە وڵاتانی ئورووپایی لەو پێشنیارە، ئەنجومەنی ناوبراو پێشنیارنامەکەی خۆی و سەنەدو بەڵگەی پێویستی لەو بارەوە لە ڕۆژی ٢٤ی ژانویەی ١٩٩٠دا بۆ کومیتەی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل لە نۆرویژ نارد.

※ نوامبری ١٩٨٩: فرانتز لویشناک وەزیری نێوخۆی ئوتریش لە سەفەرێک دا بۆ واشنگتۆن ڕایگەیاند کە دەوڵەتی ئێران لە تێرۆری ١٣ی ژوئیەی ڤیەن دا ڕاستەوخۆ دەستی هەبووە.

※ ٢٨ی نوامبری ١٩٨٩: فەرمانی گرتنی سەحراروودی، حاجی مستەفەوی و ئەمیر مەنسوور بزورگیان بە تاوانی بەشداریی ڕاستەوخۆ لە تێرۆری ٣ خەباتگێڕی کورد لە لایەن دادگای ئوتریشەوە دەرچوو!

※ کۆتایی نوامبری ١٩٨٩: ئاکامەکانی لێکۆڵینەوە لەسەر گوللەکان، نیشانی هێلێن قاسملوو دران. بە پێی ئەو ئاکامانە ١- ئەم دوو چەکەی کە دەنگ کپ کەر (صداخفەکن) یان لەسەر بوو هەر لە ژووری ڕووداوەکەداو بە هۆی ٢ کەسی بەشداری کۆبوونەوەکە، کەلکیان لێ وەرگیراوە ٢- گوللەکان لە دوو شوێنی جیاوازەوە کە هەر دوو چەکەکەش لە نزیک کوژراوەکانەوە بیوون، هاوێژراون ٣- دوکتور قاسملوو، ٣ گوللەی بە دوو چەک لێ دراوە، عەبدوڵڵای قادریئازەر بە یازدە گوللە کوژراوە و فازل ڕەسوول بە پێنج گوللە ٤- هیچکام لە تەقەکەرەکان لەبەر دەرکی هاتنە ژووری ئاپارتمانەکە نەبوون ٥- لەسەر تەرمی عەبدوڵڵای قادری ئازەر خوێنی سەحراروودی هەبووە ٦- لێکۆڵینەوەکان دەریان خست کە سەحراروودی ڕاست ناکا کە بکوژەکان لەدەرەوە هاتبوونە نێو ئاپارتمانەکە.

※ ٨ی دیسامبر تا ١٢ی نوامبری ١٩٨٩: برۆنۆکرایسکی، ڕاوێژکار (صدراعظم)ی پێشووی ئوتریش بە خاتوو هێلێن قاسملووی ڕاگەیاند کە لە لایەن خاتوو دانیەل و ئاغای میترانیشەوە بۆ لێکۆڵینەوە لەم پەروەندەیە پشتیوانیی لێ دەکرێ.

※ ٢٨ی نوامبری ١٩٨٩: پیتر پیلتز نوێنەری سەوزەکان لە پارلمانی ئوتریش چل و دوو پرسیاری تازەی لە وەزیری دادگوستەری و دوازدە پرسیاری نوێی لە وەزیری دەرەوە کرد.

※ ١ی دیسامبری ١٩٨٩: دادگای نێونەتەوەیی لاهە لە هۆلەند وڵاتی ئوتریشی ئاگادار کردەوە کە تاوانبار ئەمیر مەنسوور بوزورگیان خۆی لە سەفارەتی ئێران لە ڤیەن شاردۆتەوە، پێویستە حکوومەتی ئۆتریش ڕێگایەک بدۆزێتەوە بۆ گرتنی ئەو تاوانبارە.

※ ٢٨ی فیوریەی ١٩٩٠: وەزیری نێوخۆی ئوتریش بە هاوسەری دوکتور قاسملووی گوت ئەمن لە بیرم نیە لە بارەی بەشداریی راستەوخۆی ئێران لەم تیرۆرەدا شتێکم گوتبێ. بە پێی مەنتیقیش نەم دەتوانی شتی ئەوتۆ بڵێم، چونکە هیچ بەڵگەیەکی قانوونیم بەدەستەوە نەبوو!

※ مارسی ١٩٩٠: راگەیەنە گشتییەکانی ئوتریش و ئامریکاو یەک لەوان رۆژنامەی سەربەخۆی "دێرستاندارد" قسەکانی وەزیری نێوخۆی ئوتریشیان لەو بارەوە کە تیرۆری ڤیەن بە هۆی کەسانی سەر بە ئێرانەوە ئەنجام دراوە، بڵاو کردەوە. ئەم قسانە لەبەردەم هەواڵنووسانی تەلەویزیۆن و چاپەمەنییەکانی ئوتریش کران و لەوانیش دا بڵاو بوونەوە.

※ ١٠ی ژووئیەی ١٩٩٠: مانفرێد وایدینگێر وەکیلی ئوتریشیی بنەماڵەی دوکتور قاسملوو لە وتووێژێکی چاپەمەنی دا رای گەیاند، فەرمانی گرتنی ٣ تاوانبارەکە لە کاتی خۆیدا دەر نەچوو. بەر لەوەی ٢ کەس لەو ٣ کەسە خاکی ئوتریش بەجێ بێڵن، ئەو گومانەیان لەسەر بوو کە ئێستا بە هۆی لێکۆڵینەوە لە تەرمەکان و گوللەکان بۆ دادگوستەری پێک هاتوون. روون نیە کەمتەرخەمیی لە کاتی خۆی دا و دەرنەچوونی فەرمان لەسەر کام دەزگایە، بەڵام شتێک کە هیچ گومانێکی تێ دا نیە ئەوەیە بەرلەوەی سەحراروودی لە ٢٢ی ژووئیەدا ئوتریش بەجێ بێڵێ، هەموو شتێک روون ببۆوە و بەڵگەو دەلیلی تەواو بۆ پێشگیری لە ناردنەوەی هەبوون.

※ ١٣ی ژووئیەی ١٩٩٠: بە بۆنەی یەکەمین ساڵرۆژی تیرۆری دوکتور قاسملووو هاورێیانی، ژمارەیەک لە نووسەران، رووناکبیران و پارێزەرانی مافی مرۆڤ لە وڵاتانی ئورووپا لە بەیاننامەیەک دا رایان گەیاند کە ساڵێک دوای ئەو تیرۆرە بە هۆی نێردراوانی کۆماری ئیسلامی " دەوڵەتی ئوتریش نە راستییەکەی روون کردۆتەوە و نە ئەو هەموو ئامرازانەی دەوڵەتێکی قانوونی لە دەستی دا هەن، بە کاری هێناون تا دادپەروەری بە بێ هیچ کۆسپێک کاری خۆی بکا"، ئەوان داوایان کردبوو ئەم جینایەتە بێ سزا نەمێنێتەوەو ئاکامی لێکۆڵینەوەکان بڵاو بکرێتەوەو رێکخەرانی ئەم تاوانە بە بیرورای گشتیی بناسێندرێن و بدرێن بە دادگا.

※ ١٨ی ژووئیەی ١٩٩٠: کاناڵی دووهەمی تەلەفیزیۆنی ئەڵمان لە راپۆرتێکی بەڵگەدار لە بارەی رایەڵکەی تێرۆریستی ئایەتوڵلاکان لە ئورووپا دا بەشێکی سەرەکیی بۆ تێرۆری دوکتور قاسملووو هاورێیانی تەرخان کرد. بە پێی راپۆرتەکە: تێرۆرەکە بە هەموو وردەکارییەکانییەوە لە پێشەوە بەرنامەی بۆ دارێژرابوو. ١٤ ئێرانی بە پاسپۆرتی سیاسییەوە لە هوتێلی ئێم ئێشتێفانزدۆم (١٨ ) نیشتە جێ ببوون. ئەوان لە بێرلینەوە هاتبوون و ئەو مەئموورییەتەیان هەبوو کە ئەگەر تیمی تیرۆر سەرکەوتوو نەبوو، ئەوان دەست بە کار ببن و کارەکە تەواو بکەن.



※ ١٩٩١/٢/٨: خاتوو هێلێن قاسملوو (لە رێگای پارێزەرەکەیە و Manfred weidnger جارێکی دیکە بە رەسمی حکوومەتی ئوتریشی تاوانبار کرد و سکاڵای خۆی پێشکەشی دادگای ڤیەن کرد. لە رۆژی ١٥ی سپتامبری ١٩٩١ دادگا وەڵامی نیگەتیڤی پێ دایەوە و تەنانەت داوای بژاردنەوەی هەزینەی کارکردن لەسەر ئەو سکاڵایەی لێ کرد.

○ ١٥ی دیسامبری ١٩٩٥: دادستانی ئەڵمان لە درێژەی کاری دادگای میکونووس دا، ئاگادار بوون لە دەخاڵەت و رۆڵی کۆماری ئیسلامی لە تیرۆری ڤیەنی بر روونبوونەوە لەسەر تیرۆری میکونووس بە پێویست زانی. هەر بۆیە داوای کرد: ١. حوکمی جەلبی دەزگای قەزایی ئوتریش لەبارەی سەحراروودی، بوزورگیان و مستەفا ئەجوادی لە دادگای میکونووس دا بخوێندرێتەوە. ٢ـ کارناسی پولیس و بەرپرسی بازجوویی پەروەندەی تیرۆری ڤیەن بەناوی "فرانتس ئۆستۆڤێس" وەک شاهید بۆ دادگای میکونووس بانگ بکرێ. (سەفەری بێگەرانەوە، سەلام عەزیزی)

○ ٢٣ی فیوریەی ١٩٩٥: بەرێز ئۆستۆڤێس کارمەندی وەزارەتی نێوخۆی ئۆتریش لە بەشی بەربەرەکانی لەگەڵ تیرۆریزم لە ئیدارەی جینایاتی سیاسی لە دادگای میکونووس دا وەک شاهید ئامادە بووو لەسەر تیرۆری ڤیەن و لێکۆڵینەوەی ئەنجامدراو لە لایەن پۆلیسی ئوتریشەوە، شیکردنەوەی خۆی خستە روو. (سەفەری بێگەرانەوە، سەلام عەزیزی)

○ ١٤ و ١٥ی ئۆکتوبری ١٩٨٩: بە ئیبتیکاری بنیاتی فرانس لیبرتێ و هاوکاریی ئەنیستیتۆی کورد لە پاریس یەکەمین کونفرانسی نێونەتەوەیی لەسەر کورد لە شاری پاریس پێک هات. ئەو کونفرانسە کە زیاتر لە دووسەد شەخسییەتیی بەناوبانگی جیهانی تێدا بەشدار بوون و بەناوی "کونفرانسی کورد، مافی مرۆڤو کەسایەتی فەرهەنگی ئەوان" ناسرا، بۆ رێزگرتن لە گیانی شەهیدی مەزن دوکتور قاسملووی نەمر، پێشکێش بە یادی ئەو تێکۆشەرە ناسراوە کرا. ("کوردستان" ژ١٧٣، مای ١٩٩١، بانەمەڕی ١٣٧٠)

○ ٨ی ژوئەنی ١٩٩١: کورت واڵدهایم سەرکۆماری ئوتریش بە سەرۆکایەتیی هەیئەتێکی ئابووری، بازرگانیی ئوتریش بە سەردانێکی رەسمی هاتە ئێران و لە لایەن کاربەدەستانی ئێرانەوە پێشوازییەکی گەرمی لێکرا. پتەو کردن و بەهێز کردنی پێوەندی یە ئابووری و بازرگانییەکانی نێوان ئوتریش و رێژیمی ئاخوندی و هەوڵدان بۆ ئازاد کردنی ئەو بارمتە رۆژئاواییانە کە لە مێژە گیرۆدەی دەستی تاقمە تیرۆریستییەکانی سەر بە کۆماری ئیسلامی بوون، گرینگترینی ئەو مەبەستانە بوون کە ناوبراو لەو سەفەرە دا بە دوایان دا دەگەرا. شایانی باسە لە بەهاری ساڵی ١٣٦٩ (١٩٩٠)دا کۆماری ئیسلامی رایگەیاند لەو ماوەیەدا (لە دوای تیرۆری دکتور قاسملۆوە) زیاتر لە سەد پرۆتۆکۆلی ئابووری و بازرگانی لەگەڵ ئوتریش ئیمزا کراوە. ("کوردستان"، ژ ١٧٥ ، ژووئیەی١٩٩١، پوشپەری ١٣٧٠)

○ ١٥ و١٦ و١٧ی مارسی ١٩٩١: کۆنفرانسی بەرەسمی ناسینی مافەکانی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی نێوەراست دا کە لە شاری ستۆکهۆڵم بەرێوە چوو، لە دوا خاڵی بەیاننامەی خۆی دا ئەم بڕیارەی لەبارەی پەروەندەی تیرۆری دوکتور قاسملووە پەسند کرد:

"کونفرانس بڕیاری دا لە پێوەندی لەگەڵ تیرۆری دوکتور عەبدولرەحمانی قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و عەبدوڵلای قادری نامەیەک بۆ دەوڵەتی ئوتریش بنووسرێ و لەو دەوڵەتە داوا بکرێ وەک دەوڵەتێک کە ئەو کارەساتە لە وڵاتەکەی دا قەوماوە، بیرورای گشتیی جیهانی و خەڵکی کوردستان لە جوزئیاتی تیرۆری دوکتور قاسملووو هاورێیانی کە بە ئاشکرا لەژێر پێنانی ئوسووڵی ئەخلاقی و نێونەتەوەیییە، ئاگادار بکا". ("کوردستان"، ژ ١٧٢، ئاوریلی ١٩٩١، خاکەلێوەی ١٣٧٠)

○ ٢٧ و ٢٨ی سێپتامبری ١٩٩١ (٥و٦ی رەزبەری ١٣٧٠ ): کۆنفرانسی نێونەتەوەیی "گەلی کورد، داهاتوویەکی بێ مافی ئینسانی" کە بە سەرپەرستی گێرهارد شرو یدەر سەرۆک وەزیری دەوڵەتی ساکسی خواروو لە بۆن پێک هات، لە بڕیارنامەی خۆی دا داوای لە وڵاتی ئوتریش کرد: " لێکۆڵینەوەی خۆی لەبارەی تیرۆری دوکتور قاسملوو، عەبدوڵلای قادری و دوکتور

سەرچاوە Serchawe

فازیل ڕەسووڵ لە ١٣ی ژووئیەی ١٩٨٩ لە ڤیەن بە دەستی نوێنەرانی ڕەسمیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەڕێوە چوو، تەواو بکاو وێڕای بڵاو کردنەوەی ئاکامەکانی لێکۆڵینەوەکە، پیاو کوژەکان بخاتە بەر تەعقیبی قانوونی. ("کوردستان" ژ ١٧٨ ، ئوکتوبری ١٩٩١، ڕەزبەی ١٣٧٠)

○ ٢١و٢٨ی دیسامبری ١٩٩١ (٣٠ی سەرماوەز تا ٦ی بەفرانباری ١٣٧٠): کۆنگرەی نۆیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (کۆنگرەی قاسملوو) یەکێک لە بڕیارە سیاسی‌یەکانی خۆی "بۆ سیاسەتی سەوداگەرانەی ئوتریش" تەرخان کرد. لەو بڕیارە دا پاش ئاماژە بەوە کە سەرەڕای ڕابردنی دووساڵ و نیو پاش تیرۆری دوکتور قاسملووو هاوڕێیانی هێشتا دەوڵەتی ئوتریش ڕێگای نەداوە عامیلانی ئەسڵیی ئەو جینایەتە بناسێندرێن، هاتبوو: "کۆنگرەی نۆیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆنگرەی قاسملوو لە کاتێک دا سیاسەتی کاسبکارانەی دەوڵەتی ئوتریش لەو پێوەندی‌یەدا مەحکووم دەکا، لە هەموو کۆڕو کۆمەڵە بەشەردۆستەکان داوا دەکا فشاری زیاتر بخەنە سەر ئەو دەوڵەتە بۆ ئەوەی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی بێ پەردەو بە ڕاشکاوی بە دنیا بناسێنێ و عامیلانی ئەسڵیی ئەو جینایەتە کە بێجگە لە کاربەدەستانی ڕێژیمی ئاخوندی کەسێک نین، لەقاو بدا". (کوردستان ١٨١ ، ژانویەی ١٩٩٢، بەفرانباری ١٣٧٠)

○ ٢٠ی سیپتامبری ١٩٩٩ (٢٩ی خەرمانانی ١٣٧٨): توماس کلیستیل سەرکۆماری ئوتریش بە سەرۆکایەتیی هەیئەتێکی پایە بەرزی دەوڵەتی بە سەردانێکی ڕەسمی گەیشتە ئێران. سەفەری تۆماس کلیستیل بۆ ئێران لە کاتێک دا بوو کە کۆماری ئیسلامی حوکمی ئیعدامی بۆ چوار کەس لە بەڕێوەبەرانی خۆپیشاندانە خوێندکاری‌یەکان دەرکردبووو سەدان کەس لە لاوانی ئازادیخوازی ئێران بە تۆمەتی بەشداری لە نائارامی‌یەکانی مانگی پووشپەری تاران، تەورێز، ئیسفەهان دا لە بەندیخانەکانی ئەو ڕێژیمە لەگەڵ ئازارو ئەشکەنجە بەرەوروو بوون. ئەو سەفەرە بە دوای یادی دەساڵەی تیرۆری دوکتور قاسملوو کە لەودا سەدان شەخسییەتی بەناوبانگی سیاسی، زانستی،و کۆمەڵایەتی داوایان لە دەوڵەتی ئوتریش کرد, پەروەندەی ئەو جینایەتە وەجەرەیان بکەوێتەوە و عامیلانی بناسێندرێن، ئەنجام درا. هەر بۆیە سەفەری توماس کلیستیل بۆ ئێران لەگەڵ نارەزایەتیی توندی حیزبەکانی ئۆپۆزیسیون و ڕۆژنامەکانی لایەنگری ئازادی و مافی مرۆڤ بەرەوروو بوو. لە دەرەوەی ئەو وڵاتەش بێزاریی کۆڕو کۆمەڵەکانی پارێزەری ئاشتی و دیمۆکراسی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. ("کوردستان" ٢٧٥ ، خەرمانانی ١٣٧٨)

○ ٣١ی ژووئیەی ٢٠٠٣: دوکتور مانفرید وایدینگیر وەکیلی ئوتریشیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ پەروەندەی تیرروری دوکتور قاسملوو، بێسەرو شوێن کرا. تەرمی ئەو پارێزەرە ڕۆژی ١٣ی سیپتامبری ٢٠٠٣ پاش مانگێک و ٣ ڕۆژ لە بێسەرو شوێن بوونی لە دارستانێک لە دەرەوەی ڤیەن دۆزرایەوە.

پەراوێز:

□ ئەو زانیاری‌یانەی ئەم نیشانەیان لەسەرە لە پوختەی کتێبەکەی دوکتور پیتر پیلز "ئوسکورت بەرەو تاران" وەرگیراون کە "قوتان" بە زمانی کوردی ئامادەی کردوە.

* ئەو زانیاری یانەی ئەم نیشانەیان لەسەرە لە نووسینێکی خاتوو هێلێن کرۆلیش (قاسملوو) کە شەیدا نەبەوی کردوویە بە فارسی و لە ژێر ناوی "معمای قاسملو" لە ژمارە ١٨ ، زستانی ١٣٦٩ی گۆڤاری "چشم انداز"دا بڵاو بۆتەوە، وەرگیراون.

○ ئەو زانیاری‌یانەی ئەم نیشانەیان لەسەرە، سەرچاوەکەیان لە تەنیشت خۆیان نووسراوە

نویسندە : kave elham ; ١٠ خرداد ، ١٣٨٥

سەرچاوە : kurdistana me

http://zilankurd4.persianblog.ir/post/101



# مادەکان

**ماد** ناوی نەتەوە کە لە هەزارەی یەکەمی پێش زایینی مەسێح کۆچیان کرد بۆ ڕۆژئاوای بانەکانی ئێران. مادەکان بناغەی یەکەم پاشاییەتی ئاریائیەکانیان دامەرزان بە شکست پێهێنانی ئاشوریەکان لە ٦٠٠ساڵ پێش زایینی مەسێح ، بووە گەورترین پاشایەتی ڕۆژئاوای ئاسیا.




پاشایەتی ماد لە سەردەمی هەڤەخشترە حۆکمڕانی گەورەترین پاشایەتی ڕۆژئاوای ئاسیای ئەکرد. بە سەر وڵاتانی ئێران، تورکیا وئەفغانستانی ئەمرۆ . یەکەم گەورەترین حۆکمڕانی بوو کە هەموو نەتەوەکانی ئەو ناوچەی خستە ژێر ئالایێک. کۆمەڵە هێرشەکانی ئاشووریەکان بۆ سەر هەرێمی ماد لە ٨٠٠ ساڵ پێش زایینی مەسێح ، ئەو نەتەوەی تووشی کێشە کردبوو. هێرودوت دەنووسێ : ئاشووریەکان زیاتر لە ٥٠٠ ساڵ حۆکمڕانیان کرد لە ئاسیادا. یەکەم خەڵکانێک وا بەرامبەری دەسەڵات ڕاوەستان، مادەکان بوون. ئەوان بۆ ئازادی شەریان کرد، تێکۆشان و لە بەندەیی ڕزگار بوون.

سەرچاوەکانە سەبارەت بە مێژووی ماد

یەکەم ئاماژەکان لە سەر نەتەوە ماد لە نووسراوەیەکی مێژوویی لە کوێستانەکانی کوردستان دۆزرایەوە کە باسی لە هێرشی شڵمانسەری سێهەمی کردووە. ئەم نووسراوەیە بۆ ساڵی ٨٣٧پێش زایین دەگەڕێتەوە. مادەکان لە ڕەگەزی هێند و ئەورووپایین کە لە هەزارەی یەکەمی پێش زایین کۆچیان کردووە بۆ ئەو شوێنەی تایفەکانی گۆتییەکان، لۆلۆییەکان، کاسییەکان، هۆرییەکان لەوێدا نیشەجێبوون و لەوێ گیرسانەوە و دانیشتوانی ئەو ناوچەیەیان لە خۆدا تواندەوە. لە نزیکی شاری هەمەدان لە ئێرانی ئێستادا ، بەرزایی هەگمەتانە کە خاوێن مێژینەی بەقەد مادەکانە واتە لە سەردەمی مادەکان پایەتەختی ئەوان بووە و دوای ئەوانیش پایەتەختی هەخامەنشیەکان بووە(هاوینە هەوار). گرینگترین نووسراوەکان سەبارەت بە ماد لە نووسراوەکانی هێرودوتدایە کە ٥٠٠ساڵ پێش لە دایکبوونی مەسێح نووسیویەتی. لە تەوراتدا بە کورتی باسی ماد کراوە.

## وڵاتی ماد

ماد ناوی وڵاتێکە کە ئەو خەڵکەی بە ماد ئەناسرێن لەوێ گیرسانەوە. وڵاتی ماد دوو بەش بوو. ئازەربایجانی ئێستای ئێران و بەشێک لە تورکیەی ئێستا مادی بچووک و بەشێک لە عێراق و پارێزگاکانی کوردستان و هەمەدان و کرماشان و لۆڕستانی ئێستا مادی گەورە بوون. پایەتەختی ماد لە ڕابردوودا دگمەتانە بووە دوایی بە ئەکباتان ناوی گۆڕدرا. ئەو قەومە لە کوێستانەکان گیرسانەوە و لە بەرد مس، ئاسن، نۆقرە و زێڕ و مەڕمەڕیان بەدەست ئەهێنا. لە تەختاییەکانیشدا کشتوکاڵیان ئەکرد.

## تیرەکانی ماد

وەک زانیاریە مێژوویەکان پێمان دەڵێن٣ تیرە لە ٦ تیرەکەی یەکیەتی ماد واتە بوسیەکان، ستروخاتیەکان و بودیەکان ، بەشی کوردەکان بووە و ٣ تیرەکەی تر بریتی بوون لە ئاریزانتیەکان (پیاو ماقووڵەکان) کە لە نزیکی کاشانی ئێستای ئێران ئەژیان و مۆغەکان کە لە نێوان شاری مەراغە و ڕەی ئێستای تاراندا دەژیان و لە کۆتاییدا پارتاکانیەکان ئەو خەڵکە بوون و لە ئیسفەهانی ئێستادا ژیانیان ئەبردە سەر. وەک نووسراوە یۆنانیەکان دەڵێن تیرەی ستروخاتیەکان کە بە ساگارتی ناویان دەبردێ لە کرماشانی ئێستادا بوون کە ناوی یۆنانی کراوەکەی یانی زاگرۆس بۆ زنجیرە کوێستان ئەو ناوچە داندرا.

## پێکهاتنی پاشایەتی ماد

وەک یۆنانیەکان باسی دەکەن دوای هێرشە پڕهێز و دڕندانەکانی ئاشوریەکان بۆ سەر خەڵکی ماد، دەوروبەری ساڵی ٧٠٨ پێش زایین، ڕابەرێک لە تیرەکانی ماد کە ناوی دیاکۆ دەبێ، لە لایەن نوێنەرانی یەکیەتی تیرەکان ، بۆ دامەزراندنی حکوومەتی ناوەندی هەڵدەبژێردرێت. بە یەکگرتنەوەی تیرە بەربڵاوەکان و ڕێکەوتن لە سەر یاساکانی ناودەوڵەتی ، حکوومەت پەرە ئەسێنێت و هەگمەتانە بە پایەتەختی خۆیان دائەنێن.



## پاشاکانی ماد

### دیاکۆ (دیاکۆ (٧٠٨ تا ٦٥٥ی پێش زایین) ٥٢ ساڵ درێژەی هەبووە.)

نزیکەی ٧٠٠ ساڵ پێش لە زایین لە نێو مادەکاندا کەسایەتییەک دەژیا بە ناوی دیاکۆ کە لەلای هەموو مادەکانەوە ڕێزێکی تایبەتیی هەبوو. دیاکۆ مرۆڤێکی باشناسیاو، تێگەیشتوو و هەڵکەوتەی گوندەکەی بوو. خەڵک کە لێزانی و تێگەیشتوویی و دادوەریی دیاکۆیان دیبوو بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفت و کێشە و ئاژاوەکانیان هانایان دەبردە بۆ ئەو. دیاکۆ بوو بە خۆشەویستی هەمووان و ناوبانگی داخست، وای لێ هات کە لەبەر دادگەری و پیاوچاکییەکانی لە لایەن خەڵکەوە داوای لێکرا کە ببێ بە سەرۆک و پاشایان. ئەویش کە بشێوی و بەربڵاوی و هەتەران و تەتەرانی ناوچەکە ئازاری دەدا، بە داخوازییەکەیان قایل بوو و بڕیاری دا مادەکان لە دەوری یەک کۆکاتەوە و لەوان نەتەوەیەکی یەکگرتوو و هاوبەش پێک بێنێ. لە یەکەم هەنگاودا داوایکرد لە خەڵک کە واز لە جودایی بێنن و لە دەوری یەکدا کۆبنەوە و فەرمانی دا کە پایەتەختێک ساز کەن. ئەوە بوو کە شاری ئیکباتانیان ساز کرد. شارەکە حەوت شوورەی بازنەیی بەدەوردا کێشرابوو و هەر شوورەیەک لەوی‌تر بەرزتر بوو و بارەگای شا و خەزێنەکانی لە نێو ئاخرین شوورەکەدا بوو. چێوەی دیوارە دەرەکییەکانی زۆر لە دیوارەکانی ئاتێن پایەتەختی یۆنان دەچوو. ڕەنگەکانی ئەو شوورە حەوتەوانانە بە ریز بریتی بوون لە سپی، ڕەش، ئەرخەوانی، شین و نارنجی. لە سەربانی دوو شوورە دواییەکە، یەکێکیان بە زیو و ئەوی دیکەشیان بە زێڕ داپۆشیبوو.

سەرچاوە
Serchawe

یەکبوون
United Kurdistan
کوردستان یەک وڵاتە و کوردیش یەک نەتەوەیە و دابەشکراون

بە شاری ئیکباتان، هەگمەتانەش وتراوە و ئەورۆکە پێی دەڵێن هەمەدان. دیارە درێژایی زەمان هەموو شتێکی لێ سڕیوەتەوە و بۆنوبەرامەی مادەکانی لێ نایە، بەتایبەت کە پاش مادەکان ئەو شارە هەمیشە لەدەستی ناحەزانی ماد بووە و هەرچی شارستانیەتی ئەو شارە بووبێ سڕیویانەتەوە یان بۆ خۆیان بردوویانە.



## فرورتیش (فرۆرتیش ( ٦٥٥ تا ٦٣٣ی پ.ز.) ٢٢ساڵ درێژەی هەبووە.)

فرورتیش پاش دیاکۆ دەسەڵاتی گرتە دەست و بۆ ماوەی ٢٢ ساڵ لە نێوان ساڵانی ٦٥٥ و ٦٣٣ حوکمی گێڕا. لە کاتی هاتنە سەرتەختی فرورتیش، هۆزی سەکا کە تیرەیەکی شەڕانی و جەنگاوەر بوون لە دەوروبەری زەریای ورمێدا دەژیان. پارسەکانیش لە باشوور دەژیان. فرورتیش هەردەم هەوڵی دەدا کە سنوورکەی ئیمپراتۆریی ماد بەربڵاوتر بکا، ئەوە بوو هێرشی بردە سەر پارسەکان و مەڵبەندەکەیانی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆی و قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆریی مادی بەرینتر کرد. بەڵام ئەو لە خولیای ئەوەدا بوو کە هێرشیش بەرێتە سەر ئیمپراتۆریی ئاشوور و کۆتایی بە زوڵم و ستەمی ئاشووریەکان بێنێ و گەلێ نەتەوە کە ناچار بوون باج و پیتاک و سەرانە بە ئاشووریەکان بدەن لە ژێری ئەو بێدادییەدا ڕزگار بکات.

سوپایەکی گرانی کۆ کردەوە و بەرەو نەینەوا پایتەختی ئاشوووریەکان کەوتە ڕێ. هەواڵ گەیشتە ئاشووریەکان، ئەوان لە پێشەوە بەرپەرچی مادەکانیان دایەوە. سەکاکانیش کە لە دەوروبەری زەریای ورمێدا دەژیان و هاوپەیمانی ئاشووریەکان بوون، سوپایەکی گرانیان لە پشتەوە خستەڕێ بۆ هێرشبردنە سەر مادەکان و پشتیوانی لە ئاشووریەکان. ماوەیەکی دوورودرێژ گەلێ شەڕی قورس و گران لەو نێوەدا کرا. مادەکان کەوتبوونە گەمارۆی سەکاکان و ئاشووریەکانەوە.

لە یەکێ لەو شەڕانەدا لە ساڵی ٦٣٣ی پێش زایین فرورتیش کوژرا و دەوڵەتی ماد کز بوو و سەکاکان کە هەلیان بە لەبار دەزانی کەوتنە داگیرکرتن و تاڵانکردنی مەڵبەندی مادەکان. ئەوان نزیکەی ٢٨ ساڵ هەتەران و تەتەرانیان لە وڵاتی مادا دەکرد و کەوتبوونە کوشتوبڕی مادەکان.

## هەڤەخشترە (سیاگزار) یان ( کەیخەسرەو بە کوردی ( هەڤەخشترە ( ٦٣٣ تا ٥٨٤ ی پ. ز.) ٤٩ساڵ درێژەی هەبووە.)

پاش کوژرانی فرورتیش، کوڕەکەی کە ناوی هەڤەخشترە یان بە کوردی کەیخەسرەو بوو دەسەڵاتی گرتە دەست. دیارە ئەو کێشەی زۆری لەگەڵ سەکاکان هەبوو. هەڤەخشترە پێشەوایەکی لەبار و لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتدا سەرکردەیەکی بێوێنە بوو. ئەو بۆ ئەوەی کە بتوانێ بەرەنگاری سوپای دوژمن بێت، سوپایەکی ڕێکوپێکی کۆکردەوە و پسپۆڕانە باریهێنان. سوپایەک بریتی لە سوارە و پیادە. سوارەکانیان شانیان لە شانی سوارەکانی ئاشووری دەدا و پیادەکانیان لە تیرهاویشتن بێوێنە بوون و بە تیروکەوان و نێزە چەکدار بوون.

لەبەر ئەوەی کە وڵاتی ماد جێگەیەکی لەبار بۆ پەروەردەی ئەسپ بوو و مادەکان هەر لە منداڵییەوە شارەزای ئەسپسواری و تیرهاویشتن بوون، کاری هەڤەخشترە ئاسانتر دەبوو بۆ پێکهێنانی سوارەیەکی خاوەن ئەزموون. هەڤەخشترە توانیی جەنگاوەرانی ئازا و بەجەرگی وا بار بێنێ کە لە هیچ شتێ نەترسن. هەر بە یارمەتیی ئەو سوپا نەبەزە توانیی سەکاکان کە دەمێک بوو لە وڵاتی مادا کەوتبوونە تاڵان و کوشتوبڕ تێک بشکێنێ و لە وڵات وەدەریان نێ. بەوجۆرە تۆڵەی باوکی و وڵاتە تاڵانکراوەکەی مادی لە سەکاکان کردەوە.



شێوازی لەبەرکردنی جل و بەرگ لە سەردەمی ماد

پاشانیش لەگەڵ نەبوو پۆلاسار پاشای بابل کە پێشتر بە یارمەتیی مادەکان سەربەخۆیی خۆیان بەدەست هێنا بوو، یەکی گرت و بە سوپایەکی گرانەوە هێرشی بردە سەر ئاشووریەکان و شاری نەینەوای لە ٦١٢ی پێش لە زاییندا گرت کە پایتەختی ئاشووریەکان بوو. ساراکوس (سەنا خەریب) کە پاش مەرگی ئاشوور بەنیپال ببووە پاشای وڵاتی ئاشوور، کە دی بەرگەی مادەکان ناگرێ ئاگرێکی گەورەی هەڵکرد و خۆی و خاووخێزانی خستە ناو ئاگرەکە و بەوجۆرە چرای تەمەنی هەزار ساڵەی ئیمپراتۆریی ئاشوور کوژرایەوە.

لە سەردەمی هەڤەخشترەدا وڵاتی ماد گەلێک پەرەی سەند. هەڤەخشترە بە تێگەیشتوویی و زانایی خۆی خزمەتی گەورەی بە مادەکان کرد. ئیمپراتۆریی ماد لە سەردەمی ئەودا زۆر بڵاو و بەرین ببووەوە.

هەڤەخشترە لە ساڵی ٥٨٤ی پێش زایین کۆچی دوایی کرد.

## ئەژیدەهاک (ئاستیاگ) ( ئەژیدەهاک ( ٥٨٤ تا ٥٥٠ ی پ. ز.) ٣٤ساڵ درێژەی هەبووە.)

پاش هوڤخشەترە، کوڕەکەی کە ناوی ئاستیاگ بوو دەسەڵاتی گرتە دەست. ئەویش نزیکەی ٣٤ ساڵ دەسەڵاتداریی کرد. لە سەردەمی ئەودا وڵاتی ماد هێمن و کرۆکپ بوو. ئاستیاگ بە لاساییکردنەوەی پاشایانی ئاشووری بارەگای دروست کرد و خەڵکێکی زۆر تێیدا کەوتنە کار کردن. دەربارییەکان جلی ڕەنگاوڕەنگیان لەبەر دەکرد و لە ڕێوڕەسم و بۆنە تایبەتییەکاندا زنجیر و ملوانکەی زێڕینیان دەکردە مل

هەروا کە لە چیرۆکەکانێدا هاتوو، ئەژیدەهاک پاشای باش نەبوو بۆ خەڵک و زوڵمی دەکرد لە خەڵک.

ئاستیاگ کچێکی هەبوو بە ناوی ماندانا، ئەم کچە درابوو بە مێرد بە یەکێ لە سەرکردەکانی پارس لە باشوور. ئەویش دواجار کوڕێکی دەبێ کە ناوی دەنێن کوورش. کاتێ کوورش گەورە دەبێ خۆی بە پارسێکی تەواو دەزانێ و بڕیاریش دەدا کە وڵاتی ماد داگیر بکات.

سوپایەک کۆ دەکاتەوە و بە سیاسەتیش خۆی لە بابلییەکان نێزیک دەکاتەوە و داوایان لێ دەکا کە پێکەوە هەڵمەت بەرنە سەر ئیمپراتۆریی ماد. بابلییەکانیش کە دەمێک بوو لە حەسرەتی (هاران)دا بوون کە ڕێگای هاتوچۆی نێوان سووریا و بابل بوو و لەژێر دەستی مادەکاندا بوو، دەبن بە هاوپەیمانی پارسەکان و دوو قۆڵی هێرش دەبەنە سەر وڵاتی ماد و پاش گەلێ شەڕی قورس و گران، ئاستیاگ کە زۆریش بەتەمەن بوو وپاشا و سەرکردەی سوپای ماد بوو، لە لایەن پارسەکانەوە بە دیلی دەگیرێ و چەمەسەریی زۆر دەبینێ. بەوجۆرە دەسەڵاتداریی مادەکان دەکەوێتە دەستی پارسەکان و کوورش دەتوانێ حکوومەتی هەخامەنشیەکان بۆ یەکەمجار دامەزرێنێ. بەوجۆرە ئیمپراتۆریی ماد لە ساڵی ٥٥٠ی پێش لە زاییندا سەرەوژێر دەبێ. / لە ویکیپیدیا، ئینسایکلۆپیدیای ئازاد

سەرچاوە
Serchawe



# یادێک لە فەرماندەری هێزی ناوەندی کۆماری کوردستان محەممەد نانەوازادە

مێژووی سووری نەتەوەم لاپەڕلاپەڕ هەڵدەدەمەوە. پڕ لە سەربەرزی و شانازییە.

فیلمی تراژێدیای خەباتی گەل، زۆر میرخاس و جوامێرم پێدەناسێنێ. لە ناویاندا قەڵای خوێناوی، پەیکەری هەستی شۆڕشگێری، محەممەد نانەوازادە یەک لە هەموویانە. کاک محەممەد کوڕی میرزا عەوڵای نانەوا لە شاری مەهاباد چاوی بە دنیا پشکووت. پلەکانی خوێندنی لە نێوان ساڵەکانی١٩٢٠ تا ١٩٣١ لەو شارە تەواو کرد. چەند ساڵێک وەک فەرمانبەری ئیدارەی فەرهەنگی مەهاباد خزمەتی کرد. ساڵی ١٩٣٧ لە لایەن حکوومەتەوە ناچار بە خزمەتی سەربازی کرا. ناوبراو ئەم دوو ساڵەی لە سەربازی بوو، دەرسی نیزامی خوێند و دەرەجەی گروهبانی وەرگرت.
پاش تەواو کردنی دوو ساڵ سەربازیەکەی لە ئیدارەی ماڵی مەهاباد دامەزرا. ساڵی ١٩٤٢ وازی لە کاری ئیداری هێناو خەریکی بازرگانی بوو . محەممەد نانەوازادە لاوی نیشتمان پەروەر، بە دائیم بیری لە ڕزگاری کوردستان دەکردەوە. ناوبراو ساڵی ١٩٤١وەک ئەندامی حیزبی ئازادی کوردستان وەرگیرا. ڕۆژی ١٦ی ئاگوستی ١٩٤٢کۆبوونەوەیەکی نهێنی بەبەشداری ناوبراو لە شاری مەهاباد سازدرا. بەشدارانی کۆبوونەوەکە یازدە کەس و بریتی بوون لە : حوسێن فروهەر، عەبدولرەحمان زەبیحی، عەبدولرەحمان ئیمامی، عەبدولقادر مودەرەسی، نەجمەددین تەوحیدی، محەممەد نانەوازادە، عەلی مەحمودی، محەممەد ئەسحابی، عەبدولرەحمان کەیانی، سەدیق حەیدەری، قاسم قادری. ئەو ناوبراوە بەڕێزانە کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردیان بە ئامانجی ڕزگاری نەتەوەی کورد پێکهێنا.



٢٥ی گەلاوێژ تاکوو ١٦ ی ئاگوستی ١٩٤٥ کۆبوونەوەیەکی ئازاد و گەورەتر لە شاری مەهاباد گیرا. لەو کۆبوونەوەیە حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک یەکەم ڕێکخراوی سیاسی خاوەن پێرەوو پڕۆگرامی پێشکەوتوو لە سەر بناخەی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد ( ژک ) بە سەرۆکایەتی قازی محەممەد دامەزرا. ساڵی ١٩٤٥ کاتێک هێزی پێشمەرگەی کوردستان پێکهات هاوڕێ محەممەد پلەی سەرهەنگی (کۆلۆنێل) لە لایەن کۆمارەوە پێبەخشرا و وەک فەرماندەری هێزی ناوەندی کوردستان دیاری کرا.
سەرهەنگ نانەوازادە ڕۆژی دووی ڕێبەندان، واتە ٢٢ی ژانوییەی ١٩٤٦ یەکەم کەس بوو کە لە ڕێوڕەسمی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان و بەرزکرنەوەی ئاڵای پیرۆزی کوردستان دا، ڕێزی پێشمەرگایەتی (ئیحترامی نیزامی) بۆ سەرۆک کۆمار، پێشەوا قازی محەممەد بە جێ هێنا. ئەو شەشەمین کەس بوو کە بۆ ئازادی کوردستان لە چەنگ چەوسێنەران سوێندی خوارد. سەرهەنگ نانەوازادە، تەنیا مانگێک بەسەر ئەرکە پێ ئەسپێردراوکەیدا تێپەر ببوو کە لە لایەن وەزارەتی بەگری کوردستانەوە مەئموریەتی پێدرا چاوەدێری ناردنی خواردەمەنی بۆ سەربازانی حکوومەتی ئێران بکا کە ئەو کاتە لە لایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ناو دوو پادگانی لەشکری هەڵکەوتوو لە بانە و سەردەشت گەمارۆ درابوون. ناوبراو بۆ بەڕێوەبردنی ئەو ئەرکە چووە شاری سەقز. ڕۆژی دووشەمە ١٥ی جولای ١٩٤٦ بەر پرسی دیژبانی مەهاباد بە ناوی کاک حامید مازوچی دەنێرێ کە چاوەدێری ژمارەیەک ماشێنی هەڵگری خواردەمەنی بۆگەمارۆدراوەکانی ناو پادگانەکانی بانە و سەردەشت بکا. ( هاوڕێ حامید مازوچیش یەکێک لەو ئەفسەرانەی کۆمار بوو کە دووای ڕووخانی کۆماری کوردستان لە لایەن ڕێژیمی پاشایەتی پەهلەویەوە ئیعدام کرا ). سەرهەنگ محەممەد نانەوازادە خۆی بە فڕۆکە دەچێتە سەردەشتو شەو لەوێ دەمێنێتەوە. بەیانی ڕۆژی سێ شەمە واتە ١٦ی جولای ١٩٤٦ بە فڕۆکە دەچێتە بانەو لەوێ چاوی بە شەهید حامید مازوچی دەکەوێو بە باوەشێکی گەرم،هاوڕێ دێموکراتی ماچ دەکاتو ماڵئاوایی لێدەکات. هاوڕێ نانەوازادە لە دڵدا هەستی بە ڕووداوێکی دڵتەزێن دەکرد. ئەو پێی وانەبوو کە جارێکی دیکە هاوڕێ حامید دەبینێتەوە. کات ژمێر دووازدەی نیوەڕۆ بە فڕۆکە دەچێتە سەقز. فڕۆکەی هەڵگری سەرهەنگ لە داوێنی کێوی کەلیخان، نیزیک گوندی سونجێ سەر بە شارستانی بانە ئاگری تێبەر دەبێ دەست بە سەرمەقولاتان دەکا.فڕۆکەوانەکە بە چەتری نەجات خۆی فڕێ دەداتە خوارەوە و چەترەکەی بۆ ناکرێتەوە و بە سەختی بریندار دەبێ. سەرهەنگ محەممەد نانەوازادەش لەگەڵ فڕۆکەکە دەکەونە خوارەوە و لەشی بە تەواوی دەسووتێ و لە جێوە شەهید دەبێت. کاک حامید مازوچی بە بیستنی ئەو خەبەرە دڵتەزێنە خۆی دەگەێینێتە شۆێنی ڕووداوەکە. ناوبراو تەرمی هاوڕێی شەهیدی کە سەعاتێک لەمەوبەر ماڵئاواییان لێکتر کردبوو دەباتەوە بانە و لە وێڕا بۆ شاری سەقزی بە ڕێدەکات. تەرمی شەهید محەممەد نانەوازادە بە هۆی سەروانێک و دوو گروهبانی ئەرتەشی ئێرانی لە سەقزەوە بەرەو میاندواو ولە وێشەوە بۆ مەهاباد دێتەوە. ڕۆژی چوارشەمە، ڕێکەوتی ١٧ی جولای ١٩٤٦ زیادتر لە دەهەزار کەس خەڵکی ناوچە، لە هەموو چین و توێژێک، وەزیری هێز و ژمارەیەکی زۆر لە گەورەپیاوانی کورد، چەندین کیڵۆمیتر بە پێشوازی تەرمی شەهیدی گەل و کۆمارەوە چوون. تەرمی ئەو شەهیدە سەربەرزە بە ڕێزی پێشمەرگایەتییەوە و بە مەبەستی ماڵئاوایی کردن بە شەقامەکانی قازی و وەفاییدا تێپەڕکرا و پاشان لە گۆڕستانی مەلاجامی بە خاکی پاکی نیشتمان ئەسپێردرا.



شەهید سەرهەنگ محەممەد نانەوازادە دوای خەلیل خۆشەوی دووهەم هەڵۆی بەرزەفڕی کۆماری کوردستان بوو کە گیانی پاکی فیدای نیشتمانی ئازاد کرد. ئەو یەکەم کەس لە ناو سوێند خۆرەکان و یەکەم فەرماندە و یەکەم پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو کە لە سەردەمی کۆماردا، پلەی شانازی شەهید بوون لە ڕێگای ڕزگاری نەتەوەکەیدا پێبرا. ناوی شەهید محەممەد نانەوازادە لە مێژووی کارەسات و لە ریزی شەهیدە بەرزەکانی ڕێگای سەرکەوتنی ئازادی کوردستاندا بۆ هەمیشە تۆمار کرا ونەوەکانی داهاتووی ئەم خاک و نیشتمانە سەری ڕێز و ئیحترامی بۆ دادەنوێنن.

سەرچاوە : ماڵپەری شەهید

سەرچاوە Serchawe

یەکبوون
United Kurdistan
کوردستان یەک وڵاتە و کوردیش یەک نەتەوەیە و دابەشکراون

## کۆنفرانسی پەیمانی سێ سنوور ١٧ی ژووئیەی ١٩٤٤ لە بناری چیای ( داڵان پەڕ)



بسم الله الرحمن الرحيم

لە ٥ی ژووئیەی ١٩٤٤ لە سەر داوا کردنی بەڕێزان جەنابی خاڵم شێخ عبیداللە ی زینوێ و دکتور عزیز شەمزینی چوومە دێی ( زینوێ). ئەو دەمی تەمەنم حەڤدە ساڵ بوو بە پێی ناسنامەی عێراقی وە لە پۆلی چوارەمی ئامادەیی بووم> هاوینان لە دێی (ماوەتان) دەبووم کە دەکەوێتە نیزێک دێی ( حاجی ئۆمەران). لە زینوێ نامەیەکیان دامێ کە بیگەیەنمە دەست ئەندامانی کۆمەڵەی ژێکاف (ژ.ک.) لە ساباڵاغێ (مەهاباد)، وە گوتیان ئێمەش لێرەوە دەچیینە دێی (دزە) لە (مەرگەوەڕ)ێ.

لە ٨ ی ژووئیەی ١٩٤٤ بە سواری وڵاغ بەرەو ساباڵاغ کەوتمە رێ دەگەڵ پیاوێکی رێناس. بۆ شەو گەیشتینە چاخانەی (کانی باغ) بۆ بەیانی لە ٩ی ژووئیەی ١٩٤٤ گەیشتمە ساباڵاغ. لەوێ چوومە کن بەڕێزان عبدالرحمن زەبیحی و صدیق حیدری و دلشاد رسولی، کە پێشدانیش دەمناسین ، وە نامەکەم بە دەست گەیاندن.

لە ١١ی ژووئیەی ١٩٤٤ کۆمەڵەی ( ژ.ک.) کۆبوونەوەیەکی گەورەیان رێکخست ئەمنیش تێیدا بەشدار بووم، نامەکەیان خوێندەوە و دەرکەوت کە کۆمەڵەی (هیوا) لە کۆمەڵەی (ژ.ک.) ی داوا کردبوو کە پەیمانەک ببەستن لە نێوان هەر دوک لا بۆ یارمەتیدانی یەکدی لە هەموو بارێکەوە. لەو کۆبوونەوەیە بەڕێزان قاسمی قادری و عبدالرحمن زەبیحی و عبدالرحمن هەژار موکریانی هەڵبژێردران دەگەڵ من بچین بۆ (دزێ) بە سەرۆکایەتی خوالێخۆشبو قاسمی قادری بۆ گفتوگۆ کردن دەگەڵ ئەندامانی پارتی (هیوا). هەمان رۆژ بۆ ئێوارێ شەهیدی گەورەی کورد پێشەوا (قازی محمد) بانگێشتنی کردین بۆ نانخواردن.

لە ١٤ی ژووئیەی ١٩٤٤ هەر جوارمان بەرەو (مەرگەوەڕ) کەوتینە رێ. شەو لە دێی (قاسملو) کە دەکەویتە بن چیای (دم دم) ماینەوە. لە ١٥ی ژووئیەی ١٩٤٤ پاش ماندوبوونەکی زۆر بە وڵاغ و بە پێیان گەیشتینە دێی (گردوان) لە (مەرگەوەڕ)ێ. تاکە برای بەرێز دکتور عزیز، بەرێز سید عبدالقادر لەوێ بوو. بێ ئەوەی خۆمان ئاشکرا بکەین هەواڵی گەیشتنمانم نارد بۆ خاڵم لە (دزێ). بۆ ئێوارێ، خاڵم و دکتۆر عزیز هاتن دەگەڵ چەند سوارێکیدیش بۆ پێشوازین. ئەمەش دەگەڵ وان چوینە (دزێ). بەرێز سید عبداللە شەمزینی بابی دکتور عزیز مابوو لە دێی (دزێ )دادەنیشت.

لە ١٧ی ژووئیەی ١٩٤٤ لە بناری چیای ( داڵان پەڕ) پاش گفتوگۆیەکی زۆر لە نێوان کۆمەڵەی (هیوا) و کۆمەڵەی (ژ.ک.) پەیمانێک بەسترا بە نێوی (پەیمانی سێ سنوور) چونکە دێی (دزێ) و چیای ( داڵان پەڕ) دەکەونە نیزێک سێ پارچە لە پارچە دابەشکراوەکانی نیشتیمانەکەمان. ئەو پەیمانەش بە چەند نوسخەیەک نووسرا. هەر لایەک نوسخەی خۆی وەرگرت. وە ئەمن لەو شەش کەسە زیاتر کەسی دیم نەدیت بەشداربیت لە گفتوگۆیەکە.

لە ١٨ی ژووئیەی ١٩٤٤ ئەمن دەگەڵ نێردراوانی (ژ.ک.) دێی (دزێ)ن بە جێ هێشت بۆ شەو چوینە شنۆێ. لە ١٩ی ژووئیەی ١٩٤٤ گەیشتینە (نەغەدە) و (ساباڵاغ). پاش چەند رۆژ مانەوەم لە (ساباڵاغ)، لە ٢٩ی ژووئیەی ١٩٤٤ (ساباڵاغ)م بەجێ هێشت. شەو لە (نەغەدە) بووم. لە ٣٠ی ژووئیەی ١٩٤٤ گەیشتمە گەڵی (نامسین). لە ٣١ی ژووئیەی ١٩٤٤ گەیشتمە دێی (پەسوێ). لە ١ی ئاگوستی ١٩٤٤ گەیشتمەوە دێیەکەی خۆم (ماوەتان). لە ٣ی ئاگوستی ١٩٤٤ خاڵم و سید عزیزیش گەڕانەوە (زینوێ).

ئێمزا محمد سعید علی یوسف کانی مارانی / هەولێر ١ی ژانویەی ٢٠٠٩



نوێنەرانی کۆمەڵەی هیوا و کۆمەڵەی ژێکاف لە کاتنی کۆنفرانسی پەیمانی سێ سنوور

لەڕاستەوە بۆ چەپ: شێخ عوبەیدیلای زینوێ (ع. هووشەنگ ئەندامی ژمارە ٧٥ ، یان ع.جانگیر ئەندامی ژمارە ٧١٦ )، محەمەد سەعیدی کانی مارانی(م.س.خوێنین ١٠٦٠)، عەبدولرەحمانی شەرەفکەندی (ع.هەژار ئەندامی ژمارە ٢٠ ) ،سەید عەزیزی شەمزینی(ع.هووشونگ ئەندامی ژمارە ٧٥ ، یان ع. جانگیر ئەندامی ژمارە ٧١٦)،عەبدولرەحمانی زەبیحی (ع.بێژون ئەندامی ژمارە ٢)،قاسمی قادریی قازی (ق.ق.ق. پیاو ئەندامی ژمارە١٠٥٣ سەرۆکی نوێنەرانی کۆمەڵەی ژێکاف )

سەرچاوە : ماڵپەری وێنەی کۆماری کوردستان

سەرچاوە Serchawe



# پەیڤێک لەسەر ناونانی منداڵان لە کوردستان دا

ب.هیوا

لەمێژ بوو لە دەرفەتێک دەگەڕام بۆئەوەی تێبینی و بیروڕای خۆم لەسەر ناونانی منداڵ لە کوردستان دەرببڕم. بڵاوبوونەوەی بەرنامەیەک لە تەلەڤیزیۆنی BBC (بەشی فارسی) و وردبوونەوە لە وڵامی بینەران لە نێوخۆو دەرەوەی ئێران بە پرسیارەکانی بەڕێوەبەری بەرنامەکە، هانی دام غیرەت وەبەر خۆم بنێم و گۆشەی ئەمجارەی ماڵاوایی بۆ ئەم مەبەستە (ناو نانی منداڵ لە کوردستان) تەرخان بکەم.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی و لە هەموو کوردستان بە گشتی هەتا ئێستاش - ئەگەر نەڵێم زۆربەی - دەتوانم بڵێم بەشێکی یەکجار زۆر لە ناوەکان، ناوی عەرەبین.

دیارە ئەم دیاردەیە هەر تایبەت بە نەتەوەی کورد نییە و زۆربەی نەتەوە موسوڵمانەکان – کەم و زۆر- هەر ناوی عەرەبییان لە منداڵەکانیان ناوە.



دیارە ئەو نەتەوانەی هەستێکی نەتەوایەتیی بەهێز و ئاگایی و شوعووری نەتەوەیی بەرزیان هەیە، سەرەڕای هەبوونی دینێکی تایبەتی، زمان و مێژوو و شارستانەتی و زێد و نیشتمانی خۆیان، خستۆتە پێش ئایینەکەشیان و ناوی منداڵانیان لە زمانەکەی خۆیان و لە مێژوو و سروشتی وڵاتی خۆیان هەڵێنجاوە. ئەم کارەشیان بەبڕوای من هیچ دژایەتییەکیان لەگەڵ ڕێوشوێنە ئایینییەکانیان نییە. ئەوەندەی من لە دین و خوداپەرستی تێگەیشتبێتم، مرۆڤەکان لە دنیای دیکە نەک بەپێی ناوەکانیان، بەڵکوو بەپێی کردەوەکانیان لەم دنیایەدا، حیسێبیان لەگەڵ دەکرێ. واتە ئەگەر کەسێک یەکێک لە ناوەکانی خوداوەند، یا ناوی یەکێک لە پێغەمبەران و ئەسحابە و پیاوچاکانیشی لەسەر بێ، بەڵام کارو کردەوەی سەر ئەم دنیایەی، لەگەڵ مرۆڤدۆستی و ڕێوشوێنە ئایینی یە پیرۆزەکان ناتەبابێ، لە دنیای دیکە لەبەر ناوەکەی خاتری ناگیرێ و لە گوناحانی خۆش نابن. پێچەوانەکەشی هەروایە. مرۆڤێک با ناوی قارەمانێکی مێژوویی، یا ناوی چیایەک یا چۆم یا گۆڵێکی وڵاتەکەی خۆی لەسەر بێ، لەو دنیا بیانووی ناوەکەی پێ ناگرن.

زۆرم بەلاوە سەیرە هێندێک دایک و باوک ناوێکی عەرەبی بۆ منداڵەکەیان هەڵدەبژێرن کە نەک منداڵەکە، بۆخۆشیان لە واتای ناوەکە تێناگەن. جاری واشە ناوەکە هیچ واتایەکی جوان و خۆشی نییە، بەڵام بەو هۆیەوە کە ناوەکە ناوی خەلیفەیەکی ئیسلام یان ئەسحابەیەک یا سەردارێکی ئیسلام بووە، وەک شتێکی پیرۆز سەیری دەکەن! ئەوان، ئەگەر سەبارەت بە بیروڕای ئایینیی خۆیان ئەم کارە دەکەن، دەبێ بزانن ئەوە کردەوە و ڕەفتاری




داهاتووی منداڵەکەیانە کە بەهەشت یا جەهەننەمی بە نسیب دەکا نەک ناوەکەی. کەوایە بۆچی لێناگەڕێن منداڵەکەیان، ناوێکی لەسەر بێ کە لە زمانەکەی خۆی دا هەیە و کوردییەو، ئەم منداڵە بەجۆرێک بە مێژوو و زمان و شارستانییەت و نیشتمانی خۆی دەبەستێتەوە؟!

شتێکی ئاشکرایە کە لە هەر سەردەم و دەورانێک دا، بە پێی گەشە کردن و پەرەئەستاندنی فکر یا ئایدۆلۆژییەک، یا بە گوێرەی گۆڕانە سیاسی و کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان، و بە پێی پێکهاتنی گۆڕان لە فکرو زەوقی تاکەکاندا، هێندێک ناوی تازە دادەکەون و کۆمەڵێک ناو کەم دەبنەوە. حاشا لەوەش ناکرێ کە ناوی منداڵان لەجۆری تێگەیشتن و بیرکردنەوەی دایک و باب و دەورو بەرەوە سەرچاوە دەگرێ. ئەمانە هەموویان شتێکی سروشتین. شتی ناسروشتی و جێگای داخ ئەوەیە لە جۆری تێگەیشتن و بیرکردنەوەی دایک و باب دا، جێگایەک بۆ بایەخدان بە زمان و مێژوو و شارستانەتیی نەتەوەکەی خۆی نەبێ و ئامادە نەبێ لە زمانەکەی خۆی ناوێک بۆ منداڵەکەی هەڵبژێرێ.

لەهەر حاڵدا، بۆ نەتەوەیەک کە بۆ داکۆکی لە نیشتمان و مێژوو و پێناس و کولتووری خۆیلە خەبات دایە زۆر سەیرە ئەگەر تاکەکانی لە دانانی ناوێک لە زمانەکەی خۆیان لەسەر منداڵەکانیان خۆیان ببوێرن. ئەگەر ڕۆژێکیش گەیشتینە ئەو ئاستەی، مەترسیی هیچ توانەوە و لەنێو چوونێکمان لەسەر نەما و لەوە دڵنیا بووین کە کولتوور و پێناسە و کیان و سنووری خۆمان چەسپاندوە، ئەو کات لەوانەیە ئەوەندە بە دەمارگرژییەوە سەیری ناونانی منداڵ لە کوردستان نەکەم و تەنیا بەوەندە ڕازی بم کە ناوەکان،

٢٢ی نوامبری ٢٠١٠

سەرچاوە : کوردستان و کورد



# مندالان





## هاوسێیەتی نێوان مێروولەو مشک

نووسینی / حاتەم باتاسی

...خێزانێکی مێرووله و خێزانێکی مشک دوو جیرانی یەکتر دەبن، پەیوەندی دۆستایەتیان لەگەڵا یەکتر زۆر بەهێز ئەبێت، هەمیشە پێکەوە بەختەوەر ئەژیان، لەخۆشی و ناخۆشیدا هاوبەشی یەکتر ئەبوون. خێزانە مێروولەکە ڕۆژانە ئیشیان دەکرد بۆ ئەوەی بژێوی ژیانیان پێ دەستەبەر بکەن جیا لەمەش زیاتر خۆیان ماندوو دەکرد بۆ ئەوەی هەندێ زەخیرە بۆ وەرزی زستان کۆبکەنەوە تا لەڕۆژانی ساردو باوو بڕو باران یاخود هەر کاتێکی تری تەنگانە پەکیان نەکەوێت. بەڵام خێزانە مشکەکە تەنها بیریان لەوە دەکردەوە کەوا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بژێوی ژیانیان هەڵبسووڕێنن هەرگیز بیریان لەوە نەدەکردەوە وەکو مێروولەکانی هاوسێیان ڕۆژانە هەوڵی کۆکردنەوەی هەندێ زەخیرە بدەن بۆئەوەی لەکاتی تەنگانەو ڕۆژانی ساردو سڕی زستان سوودی لێ وەربگرن، تا ڕۆژێک لەڕۆژان ئەو خێزانە مشکە وا ڕێک دەکەوێت هەموویان نەخۆش دەکەون تەنانەت نەیان توانی بچنە دەرەوەی ماڵا بەڵکو هەندێ خواردن بۆ خۆیان پەیدا بکەن، بەڵام کاتێ مێروولەکانی هاوسێیان بەمەیان زانی چوونە سەردانی مشکەکان کە لە بارودۆخە ناخۆشەکەیان دڵنیابوون زۆر بەپەلە مێروولەکان چوون لە ماڵەکەی خۆیان هەندێ خواردنی خۆشیان بۆ مشکەکان هێنا، وە بەڵێنیشیان بە هەموو ئەندامانی خێزانە مشکەکەدا تا ئەوکاتەی باری تەندروستیان بەرەو باشی ئەچێت و دێنە سەر دۆخی جاران هەموو ژەمێک خواردنی ئەوها خۆشیان لە ماڵەکەی خۆیان بۆ بهێنن. ئەندامانی خێزانە مشکەکە بەمە زۆر خۆشحاڵا بوون، تەنانەت بەشێک لە ئازاری نەخۆشەکەیان لەخۆشیا لەسەر کەم بۆوە بۆیە پڕ بە دڵا زۆر سوپاسی مێروولەکانیان کرد لە بەرامبەر ئەو چاکەیەی کە لە کاتی تەنگانەدا بەدەنگیانەوە هاتن.

...ڕۆژهاتو ڕۆژچوو مێروولەکان زۆر خزمەتی مشکەکانیان دەکرد تا ئەو کاتەی باری تەندروستیان هاتەوە سەر دۆخی جاران، دوای ئەمە مشکەکان سوودیان لەو بەسەرهاتە وەرگرت بۆیە بڕیارو بەڵێنیاندا لەمەودوا وەکو مێروولەکانی هاوسێیان جگە لەو خواردنەی ڕۆژانە چنگیان ئەکەوێتو بژێوی ژیانی ڕۆژانەیان پێ هەڵا ئەسووڕێنن زیاتر خۆیان ماندوو بکەن بۆ ئەوەی ئەوانیش بتوانن هەندێ زەخیرە بۆ ڕۆژی تەنگانەو وەرزی زستانی سارد کۆبکەنەوەو ئیتر پەکیان نەکەوێت. مێروولەکان بەمە خۆشحاڵا بوون بۆیە دەستخۆشیان لێ کردنو ئینجا وتیان:- بەختەوەریو ئاسوودەیی ژیان سەرچاوەکەی لە کارکردنو تێکۆشانە .



..ئیتر ئەندامانی خێزانە مشکەکە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئیشیان دەکرد تا بە هەوڵاو ماندوو بوونێکی زۆر توانیان یەکێک لەژوورەکانی خۆیان پڕاو پڕ بکەن لە زەخیرە. ڕۆژێک لە ڕۆژانی ساردو سڕی زستان بەهۆی باوو بارانێکی زۆر ئەو ژوورەی کە مێروولەکان زەخیرەیان تیا کۆکردبووەوە هەموو بەر شاڵاوی باران کەوت تەنانەت مێروولەکان بە هەزاران حاڵا هەتا توانیان گیانی خۆیان زوو ڕزگار بکەنو ئینجا ناچاربوون ئەمجارەیان مێروولەکان هانا ببەنە بەر ماڵی مشکەی جیرانیانو ئەوانیش پڕ بە دڵا بەوپەڕی خۆشحاڵیەوە لە سەرچاوەکانی خۆیانیان بەخێر هاتن کردنو بە پێشوازیەکی زۆر گەرم بە مێروولەکانیان وت:- ماڵی ئێمە ماڵی ئێوەیەو ژوورەکانمان زۆر لە ژوورەکانی ئێوە فراوانترنو جێگای هەر هەموومان تیا ئەبێتەوە، تەنانەت زەخیرەیەکی زۆریشمان کۆکردۆتەوە بۆماوەیەکی زۆر بەشی هەر هەموومان ئەکات هەتا زەخیرەکە کۆتایی پێدێت بە هاوبەشی پێکەوە دەیخۆین تا ئەو کاتیش کەشو هەوا دەگۆڕێتو ڕۆژانی ساردو باوو باران نامێنێتو ئینجا وەکو جاران دەچینە دەرەوەی ماڵاو دەست بەکارکردن ئەکەینەوە. مێروولەکان پڕ بە دڵا زۆر سوپاسی مشکەکانیان کردنو بەو وتانە زۆر خۆشحاڵا بوون .

...بەڵێ منداڵە ژیکەڵەکان ئێوەش لەگەڵا هاوسێکانتان ئەوها باش بن لەڕۆژانی تەنگانە بەدەنگ یەکترەوە بچن چونکە ڕۆژێک دادێت هەردوولا پێویستیتان بەیەکتر ئەبێت تا بەو شێوازە بتوانن سوود لەیەکتر وەربگرن




## کەم نووستن کێشی لەش زیاد دەکات



لێکۆلینەوەیەکی تازەی زانستی کە کۆمەلەی خوراکی ئەمریکی بلاویکردووتەوە ، دەریخستووە کە ئەو کەسانەی بەشێوەیەکی کەم دەخەون و خواردنێکی زۆر دەخۆن ، وە هیچ یەکەیەکی گەرمی ناسووتێنن ، ئەوا تووشی زیادبوونی کێشی لەش دەبنەوە .
ماری بییر ست-ئۆنگ سەرپەرشتیاری لێکۆلینەوەکە لە بنکەی نیۆیۆرک بۆ لێکۆلینەوەی قەلەوی وتی" ئەگەر بمانەوێت کنترۆلی کێشی لەشی خۆمان بکەین ، پێویستە خۆمان لە زۆر نووستن دووربخەینەوە .
لێکۆلینەوەکە لەسەر ٣٠ پیاو و ژنی تەمەن نێوان ٣٠-٤٠ ساڵی کێش مامناوەندی ئەنجام دراوە ، وە توێژەران بەشداربوانی کرد بە دوو کۆمەلەوە ، کۆمەلەی یەکەم بۆ ماوەی پێنج شەو هەموو کاتێک ٩ کاتژمێر دەنووستن ، بەلام کۆمەلەی دووەم هەموو شەوێک تەنها ٤ کاتژمێر دەنووستن .
دواتر بۆ توێژەران دەرکەوت کە ئەوانە ٩ کاتژمێر نووستون نزیکەی ٣٦٠٠ یەکەی گەرمی لە رۆژێکدا دەستووتێنن ، بەلام ئەوانەی ٤ کاتژمێر دەخەون و زۆر دەخۆن ، ئەوا تەنها ٣٠٠ یەکەی گەرمیان سووتاندووە ، بە بەراورد لەگەل ئەوانەی بە شێوەیەکی سروشتی دەخەون .
هەروەها ئەو کەسانەی زۆر دەخەون لە خواردن و خواردنەوە دووردەکەونەوە ، بەلام ئەوانەی کەم دەخەون ، زۆربەی کاتەکەیان بە خواردن بەسەردەبەن ، ئەمەش مەترسی قەلەوبوون بەرز دەکاتەوە .

## کەم خواردنی خوێ رێگە لە مەترسی تووشبوون بە کێشەکانی دڵ ناگرێت

لێکۆلینەوەیەکی تازەی زانستی بەریتانی بەپێچەوانەی لێکۆلینەوەیەکی پێشووتر دەلێت" کەمکردنەوەی خواردنی خوێ ، رێگە لە مەترسی تووشبوون بە کێشەکانی دڵ و جەڵتەی مێشک و مردنی لەناکاو ناگرێت .



توێژەران لە زانکۆی "ئەکستر" لەماوەی تاقیکردنەوەکەیاندا کە لەسەر ٦٥٠٠ کەس ئەنجام درابوو ، ئاماژەیان بەوەداوە کە بەلگەیەکی بەهێز هەیە لەسەر کەمکردنەوەی خوێ لەناو ئەنزیمی خواردندا ، لە کەمکردنەوەی مەترسی تووشبوون بە نەخۆشیەکانی دڵ و مردنی لەناکاو .
بەلام رۆژنامەی "دەیلی میل"ی بەریتانی ئاماژە بەوەدەکات ، لەمیانەی لێکۆلینەوەی ئێستادا ئاشکرابووە ، کە کەمکردنەوەی بەکارهێنانی خوێ ، نەبووتە هۆی کەمکردنەوەی مەترسی مردن ، بەلکۆ بەپێچەوانەوە حالەتی مردن بەهۆی هەندێ نەخۆشی دڵ و جەڵتە بەرزبووتەوە .
توێژەران دووپات دەکەنەوە کە کەمکردنەوەی خوێ بەرگریکارێکی بەهێز نییە ، بەلکۆ هەندێ کاریگەری تر هەن کە پارێزگاری لە تەندروستی مرۆڤ دەکەن ، لەوانەش خواردنی میوەو راهێنانی وەرزشی و سیستەمی خۆراکی بێ چەوری و نەکێشانی جگەرە .

## سوودەکانی خواردنی هێلکە



هێلکە یەکێک لەو خواردنانەیە کە سوودی زۆری هەیە بۆ پاراستنی تەندروستی مرۆڤ و سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ مادەی بەسوودی پرۆتۆئین. زەردەی هێلکە دوو جۆر مادەی "ئەسید ئامینە"ی تێیدایە.
زانایانی بواری خۆراک لە زانکۆی "ئالبێرتا" لەبارەی سوودەکانی خواردنی هێلکە دەڵێن: هێلکە رێگری دەکات لە تووشبون بە نەخۆشییەکانی دڵ و هەروەها شێرپەنجە.
هێلکە سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ پرۆتۆئین و ڤیتامین و "یۆد" و "فسفات". لە هێلکەیەکدا ٧٦ کالیری وزە هەیە و خواردنی رۆژانە هێلکەیەک ٣% لە وزەی پێویستی لەش دابین دەکات.
هێلکە بەبەراورد لەگەڵ مادە پرۆتۆئینییەکانیتر وەک گۆشت و دانەوێڵە وزەبەخشترە.
خواردنی هێلکە بۆ منداڵان و تازە پێگەیشتووان گرنگی تایبەتی هەیە و پێویستە دایک و باوک لە بەرنامەی خۆراکی منداڵەکانیان، هێلکە بەکار بێنن.
هەروەها هێلکە سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ ڤیتامینەکانی گروپی B و گروپی A .
هێلکە سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ مادەی "یۆد" و ئەو مادەیە بەسوودە بۆ گەشەکردنی ئیسقان.

سەرچاوە : کوردستان تی ڤی

سەرچاوە Serchawe

# وتەی زانایان





هەلە کردن کارێکی ئاساییە بەڵام دووبارە کردنەوەی کارێکی بێ عەقلییە.

گۆڕینی فرمیسکی خەڵکی بۆ شادی باشترن باختەوەرییە.

بەختەوەرترین مرۆڤ ئەو کەسەیە کە بییەوێت کەسێکی تر بەختەوەر بکات.

تووڕە بوون تۆڵە کردنەوەی خەڵکی ترە لە خۆت.

گرنگ لە کەوتن دانیە بەڵکو گرنگ لە دوبارە هەستانەوە دایە.

هەمیشە ئەو خۆشیانەی هاتینە بیان ژمێرە نەک ئەو شتانەی نیتانە.



ئەگەر بتەوێت بە سەر دنیادا زاڵ بیت عەقل و ژیری بەسەر خۆت دا زاڵ بکە.

شانس بەلای ئەو کەسانە وە دەچیت کە بڕوای بە کار کردنە نەک شانس.



باشترین کات بۆ پەروەردە کردنی ئیرادە قۆناغی لاوێتیە.

هەموو شتێک لە لای باریکیدا دەپسێ بەڵام زولم زۆری لە ئاستووریدا.

مرۆڤ دەبێ لەگەل خەلاکانی تر کەم و لەگەل خۆی زۆر بدوێ.

جوانی راستە و راستیش جوانە.

بۆ پیکهێنانی ژیانی هاوبەش پەلەکردنی هەلەیە و دواخستنیشی هەلەیەکی ترە.



ئەگەر مرۆڤ گوێ بە عەیبە بدات هەرگیز بە ئاوات ناگات.

گەورەترین سەرمایە متمانە بە خۆکردنە.



گەورەترین مامۆستا ئەزموونی تاقیکردنەوەیە.

گەورەترن دیاری لێ بووردنە.

گەورەترین شانازی ئیمانە.

سەرچاوە
Serchawe



# پەندی پێشینان





قەدیمی دەڵێن بۆ دەستەوستان
هیچ فەرقی نییە گەرمێن و کوێستان

ڕەنگە دەرنەچی لە ئیمتیحانم
ئەگەر عەیبی تۆ تەواو بزانم!

عەیبەکانی خۆت بێتە بەر چاوی
ڕەوا نابینی بە کەس بەدناوی

مەشهوورە دەڵێن خزم بە ددان
گۆشتیشت بخوا، ناشکێنێ ئێسقان

هەر خوویەک مرۆ گرتی بە شیری
بۆی تەرک نابێ زەمانی پیری

برا گیان هێشتا ئەسپ نەکڕاوە
ئاخوڕ هەڵبەستن، خەیاڵی خاوە

گۆشتخۆرن هەموو دەعبای ئەم ناوە
کەچی هەر ناوی گورگ بەدناوە

قەت لە شوێن چووان نەچیەوە چاکە
بەس لێرو لەوێ کای کۆن بە با کە!

ئاو بتبا مەچۆ سەر پردی نامەرد
چش با بخنکێی بە سەد ئێش و دەرد

پەسندتر بووە چ ئێستا، چ زوو
ڕێوی گەڕیدە لە شێری نووستوو

شوان دەڵێن شوانیی پێ ئیفتیخارە
نانچنینەوەی لا عەیب و عارە

وەک فەرموویانە پیاوانی حاڵی
قەت بۆ گا نابێ گوێلکی خۆماڵی

پەندێکیتریش هەیە لەم بارە
دەڵێن گای جووتی، بە گوێلکی دیارە



لە لایەن دیلانەوە

# رۆژژمێری مێژووی کوردستان - مانگی پووشپەڕ ( ژووئەن و ژووئیە )




ئامادە کردنی : رەحمان نەقشی

| | | |
|---|---|---|
| ١ | ٢٢ی ژووئەنی ٢٠١٠ | کۆچی دوایی پرۆفیسۆر د.محەممەد مەعرووف فەتاح مامۆستای زانستی زمانەوانیی و کەسایەتی ئاکادیمی کورد لە شاری سلێمانی. |
| ٢ | ٢٢ی ژووئەنی ١٩٨٨ | بوردمانی کردنی شیمیایی گۆندی زەردە لە ناوچەی دالاهۆی رۆژهەلاتی کوردستان بەدەست حکوومەتی دژی گەلی سەددام حوسێن. |
| ٣ | ٢٣ی ژووئەنی ١٩١٩ | پێک هاتنی کۆنگرەی ئەرزەرۆم بۆ پرسی کورد لەئاکامی شۆرشی شێخ سەعیدی پیران. |
| ٤ | ٢٤ی ژووئەنی ١٩٦٦ | بە مەبەستی ووتوێژ لەگەڵ عبدالرحمن عارف سەرۆک کۆماری عێراق مەلا مستەفا بارزانی گەیشتە شاری بەغدا. |
| ٥ | ٢٤ی ژووئەنی ١٩٧٠ | بەرێوەچوونی کۆنگرەی یەکەمی کۆمەڵەی نووسەرانی کورد و هەڵبژاردنی عەبدولرەحمان شەرەفکندی (هەژار)شاعیر وەک سەرۆکی کۆمەڵە. |
| ٦ | ٢٤ی ژووئەنی ١٩٩٣ | بۆ نیشاندانی نارەزایەتی سەبارەت بە زوڵم وزۆری دەوڵەتی تورکیە کوردەکانی دانیشتووی ئەورووپا هێرشیان کردە سەر باڵیۆزخانەکانی تورکیە. |
| ٧ | ٢٤ی ژووئەنی ١٩٩٩ | دامەزرانی مەڵبەندی مستەفا بارزانی بۆ توێژینەوەی جیهانی لە زانکۆی واشینگتۆن لە وڵاتی ئامریکا. |
| ٨ | ٢٥ی ژووئەنی ١٩٧٢ | .کۆچی دوایی حەسەن زیرەک هونەرمەندی گۆرانیبێژی ناوداری کورد لە شاری بۆکان. |
| ٩ | ٢٥ی ژووئەنی ١٩٤٨ | .کۆچی دوایی مێژوو نووسی کورد ئەمین زەکی بەگ. |
| ١٠ | ٢٥ی ژووئەنی ١٩٨١ | تیرۆری ساڵح عەبدوڵلا نەجمەدین ساڵح یوسفی سکرتێری یەکەمی پارتی سۆشیالیستی کوردستان، رۆژنامەنووس و تێکۆشەری لێهاتوو کورد لە شاری بەغدا. |
| ١١ | ٢٦ی ژووئەنی ١٩٨٩ | گواستنەوەی شارۆچکەی قەڵادزێ و ناوچەی پشدەر بۆ ئۆردوگا زۆرە ملێکان لەلایەن رژێمی بەعسی عێراق. |
| ١٢ | ٢٨ی ژووئەنی ١٩٨٨ | بۆمبارانی شیمیایی شاری سەردەشت لە لایەن حکوومەتی دێکتاتوری بەعسی عێراق. |
| ١٣ | ٢٨ی ژووئەنی ١٩٦٦ | کۆچی دوایی فایق بۆچاخ سەرۆکی پارتی دێموکراتی باکووری کوردستان. |
| ١٤ | ٢٨ی ژووئەنی ١٩٨٨ | شەهید بوونی سەدیق فیرۆزی چالاکوانی سیاسی و خەباتگیری رۆژهەلاتی کوردستان،لە شەر دەگەڵ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەی .کامیاران |
| ١٥ | ٢٩ی ژووئەنی ٢٠٠٧ | ماڵئاوایی ئورهان دۆغان چالاکوانی سیاسی و نیشتمانپەروەری کورد لە شاری جەزیر باکووری کوردستان. |
| ١٦ | ٢٩ی ژووئەنی ١٩٢٥ | لە سێدارەدانی شێخ سەعید پیران تێکۆشەری سیاسی و رێبەری بزوتنەوەی ئاگری لە شاری دیاربەکر بەدەست حکوومەتی تورکیە. |
| ١٧ | ٢٩ی ژووئەنی ٢٠١٠ | بەشداری کورد لە کۆنفرانسی نەتەوە بێ دەوڵەتەکان (یو ئین پێ ئۆ)(UNPO ) لە شاری رۆم پێتەختی ئیتالیا. |
| ١٨ | ٣٠ی ژووئەنی ١٩٩٣ | ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی شیوعی کوردستان. کە درێژەپێدەری بەشی کوردستانی حیزبی شیوعی عێراق بوو |
| ١٩ | ی ژوویەی ٢٠٠٨ | شەهید کردنی دوکتور شێخ مەعشوق خەزنەوی کەسایەتی نیشتمانپەروەری مەزنی رۆژئاوای کوردستان بەدەست حکوومەتی سوریە. |
| ٢٠ | ی ژوویەی ١٩٦٠ | ساڵرۆژی دامەزرانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە لوبنان. |
| ٢١ | ی ژوویەی ١٩٥٧ | بەرێوەچووی سەرژمێری گشتی لە عێراق رێژەی کورد لەشاری کەرکوک (٥٣%)،عەرەب و تورکمانەکانیش (٤٧%) بوو. |
| ٢٢ | ی ژوویەی ٢٠٠٣ | کردنەوەی فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی شاری هەولێر. |
| ٢٣ | ی ژوویەی ٢٠٠٤ | سەددام حوسێن دیکتاتۆری عێراق و ١١ کەس لە تاوانباران لەبەردەم دادگا بەسەرپەرشتی دادوەری کورد خەڵکی شاری سلێمانی رزگار عبدالرحمن. |

سەرچاوە
Serchawe

| | | |
|---|---|---|
| ٢٤ | ١ی ژووییەی ١٩٨٥ | شەهید بوونی سەرگورد کەریم عەلییار تێکۆشەری سیاسی ڕۆژهەلاتی کوردستان لە شەریکی قارەمانانەی لە ناوچەی بانە. |
| ٢٥ | ٢ی ژووییەی ١٩٦٠ | چاپ و بڵاو کردنەوەی ڕۆژنامەی بروا لە شاری سلێمانی. |
| ٢٦ | ٢ی ژووییەی ١٩٦٣ | هەردوو وڵاتی ئێران و تورکیا بۆ یارمەتی ڕێژیم بەعس دژی شۆرشی ئەیلول لە باشووری کوردستان هێلی ئاسمانی کوردستانیان بەزاند. |
| ٢٧ | ٢ی ژووییەی ١٩٧٣ | بڵاو کردنەوەی یەکەمین ژمارەی گۆڤاری هێڤی زمانحاڵی یەکیەتی مامۆستایانی کوردستان لقی دهۆک. |
| ٢٨ | ٣ی ژووییەی ١٢٥٧ | کۆچی دوایی شاژنی کورد شەجەرە دوور هاوسەری ساڵح نەجمەددین ئەیووبی،لەدوای مردنی مێردەکەی بوو بە مەلەکەی میسر. |
| ٢٩ | ٣ی ژووییەی ١٨٣٥ | فەرمانی سوڵتان مەحموود بۆ دامرکاندنەوەی شۆرشە گەورەکەی محەممەد پاشای ڕەواندوز. |
| ٣٠ | ٣ی ژووییەی ١٩٤٦ | کرێکارانی کوردو نەتەوەکانی تری کۆمپانیای نەوتی کەرکوک بەمەبەستی وەرگرتنی مافەکانیان دەستیان لە کار کێشایەوە. |
| ٣١ | ٣ی ژووییەی ١٩٩٢ | دوای جیابوونەوەی لە حیزبی شیوعی عێراق، حیزبی شیوعی کوردستان دامەزرا. |
| ٣٢ | ٣ی ژووییەی ٢٠٠٧ | کۆچی دوایی فەردین سادقی هونەرمەندی بە توانا و سەرپەرستی تیپی هەڵپەرکەی کوردی لە شاری کۆیەی باشووری کوردستان. |
| ٣٣ | ٤ی ژووییەی ١٩٩٢ | سەردانی دانیال میتران خانمی یەکەمی فەرانسە بو هەریمی باشووری کوردستان. |
| ٣٤ | ٤ی ژووییەی ١٩٩٢ | یەکەمین کابینەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەرێژەی فیفتی فیفتی ڕاگەیەنرا. |
| ٣٥ | ٤ی ژووییەی ٢٠٠٣ | لە هاوینە هەواری دوکان و بە ئامادە بوونی پۆڵ بریمەر یادی سەربەخۆیی ئەمریکا کرایەوە. |
| ٣٦ | ٥ی ژووییەی ١٩٩٨ | ماڵئاوایی حیلمی عەلی شەریف ڕووناکبیری کوردپەروەرە،نووسەر و شاعیرێکی بەتوانا لە بواری نیشتمانی و کۆمەڵایەتی لە شاری سلێمانی. |
| ٣٧ | ٥ی ژووییەی ١٩٤٤ | کۆچی دوایی عەبدولواحید نوری نووسەرو شاعیری لێهاتووی کورد. |
| ٣٨ | ٥ی ژووییەی ١٩٦١ | کۆچی دوایی سەعید کابان نووسەر و زمانەوانی بەتوانای کورد. |
| ٣٩ | ٦ی ژووییەی ١٩٩٦ | پێک هاتنی کۆنفراسێکی نێودەوڵەتی بەناوی ئاشتی بۆ کوردستان لە شاری بۆن لە وڵاتی ئەڵمان. |
| ٤٠ | ٦ی ژووییەی ١٩٩٦ | تیرۆری ئەبووبەکر هیدایەتی چالاکی سیاسی بە هۆی نامەی بۆمبی لە لایەن تیرۆرسیتەکانی کۆماری ئیسلامیی لە وڵاتی سوئید. |
| ٤١ | ٦ی ژووییەی ٢٠٠٧ | سەرکەوتنی یانەی تۆپی پێی هەولێر بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆیدا بۆ خولی یانەکانی ئاسیا، |
| ٤٢ | ٧ی ژووییەی ١٩٦٣ | گولله باران کردنی ٦ کەس لە ناو شار کۆیە، ڕۆژی شەهیدان. |
| ٤٣ | ٧ی ژووییەی ١٩٩١ | دەستی پێکردنی گفتوگۆی بەرەی کوردستان لەگەڵ ڕێژێمی بەعس لە شاری بەغدا. |
| ٤٤ | ٧ی ژووییەی ٢٠٠٧ | تەقینەوەیەک لەناوچەی ئامرلی شاری کەرکوک نزیکەی ٣٥٠ شەهید و قوربانی لێکەوتەوە. |
| ٤٥ | ٨ی ژووییەی ١٩٩٤ | کۆچی دوایی ئەمیر قادری تێکۆشەری سیاسی و خەباتگێری دیرینی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە باشووری کوردستان. |
| ٤٦ | ٨ی ژووییەی ١٩٣٧ | قەراردادی سەعدئاباد لە نێوان تورکیە, ئێران, عێراق و ئەفغانستان وبریاری چۆنیەتی بەربەرەکانی دژ بە میللەتی کورد. |
| ٤٧ | ٩ی ژووییەی ١٩٨٣ | کۆچی دوایی هونەرمەندی گورانیبێژی ناوداری کورد حەسەن جەزراوی. |
| ٤٨ | ١٠ی ژووییەی ١٩٢٧ | دامەزراندنی کۆمەڵەی پشتیوان لەلایەن مستەفا شەوقی لە شاری سلێمانی. |
| ٤٩ | ١٠ی ژووییەی ١٩٤٨ | کۆچی دوایی ئەمین زەکی بەگ مێژوو نووسی بەناوبانگی کورد. |
| ٥٠ | ١١ی ژووییەی ١٩٩٨ | ماڵئاوایی ئیبراهیم ئەمین باڵدار مامۆستای پەروەردەکار، و دانەری کتێبی ئەلف و بێی کوردی لە شاری بەغدا. |
| ٥١ | ١١ی ژووییەی ١٩٥٢ | کۆچی دوایی محەممەد عەلی عەونی نووسەری بەتوانای باکووری کوردستان لە شاری قاهیرە. |
| ٥٢ | ١١ی ژووییەی ١٩٩٩ | کۆچی دوایی خاتوو نەجیبەخانی جەڵیزادە ئافرەتی ڕووناکبیرو تێکۆشەری کورد. |
| ٥٣ | ١١ی ژووییەی ١٩٦٥ | ساڵرۆژی دامەزرانی پارتی دیموکراتی کوردستان لەلایەن فائق بۆجاغ لە باکووری کوردستان. |
| ٥٤ | ١٢ی ژووییەی ١٩٤٣ | بەیارمەتی حیزبی هیوا مەلا مستەفا بارزانی لەدەست بەسەریی لە شاری سلێمانی ڕزگار بوو،و بەرەو شاری شنۆ کەوتەرێ. |
| ٥٥ | ١٢ی ژووییەی ١٩٤٧ | کۆچی دوایی دڵدار ( یونس مەلا ڕەئوف مەلا مەحمود سەعید) شاعیری گەورەی کورد و دانەری سروودی ئەی رەقیب. |
| ٥٦ | ١٢ی ژووییەی ١٩٥٢ | کۆچی دوایی شاعیر موفتی پێنجوینی لە شاری سلێمانی. |
| ٥٧ | ١٣ی ژووییەی ١٩٨٩ | تیرۆری فازیل مەلامەحموود مەلارەسوڵ نووسەر و وەرگێری لێهاتووی کورد بەدەست کۆماری ئیسلامی ئێران لە وییەن پێتەختی ئوتریش. |
| ٥٨ | ١٣ی ژووییەی ١٩٨٨ | تیرۆر کردنی دوکتور قاسملوو سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وتووێژ بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێران لە شاری وییەن پێتەختی ئۆتریش. |
| ٥٩ | ١٣ی ژووییەی ١٩٣٢ | بڵاو کردنەوەی یەکەم ژمارەی گۆڤاری زاری کرمانجی لە لایەن حوزنی موکریانی لە شاری هەولێر. |
| ٦٠ | ١٣ی ژووییەی ١٩٨٨ | تیرۆری عەبدوڵا قادری ئازەر لە وتووێژ بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان،لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێران لە شاری وییەن. |
| ٦١ | ١٣ی ژووییەی ١٩٨٦ | ماڵاوایی محەممەد یاهوو یەک لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژیانی کورد [ژ.ک] و لە کاربەدەستانی پایە بەرزی کۆماری کوردستان،لەشاری تاران. |
| ٦٢ | ١٤ی ژووییەی ١٩٧١ | پێک هاتنی کۆنگرەی دووهەمی یەکیەتی نووسەرانی کورد لەشاری هەولێر. |
| ٦٣ | ١٥ی ژووییەی ١٩٨٩ | کۆچی دوایی شێخ محەممەد خال زاناو نووسەری لێهاتووی کورد لە شاری سلێمانی. |
| ٦٤ | ١٥ی ژووییەی ١٩٨٠ | کۆچی دوایی محەرەم محەممەد ئەمین چیرۆک نووسی بەناوبانگی کورد. |

سەرچاوە Serchawe

| | | |
|---|---|---|
| ٦٥ | ١٥ی ژووییەی ١٩٥١ | ماڵئاوایی جەلادەت عالی بەدرخان چالاکوانی سیاسی نووسەر، ڕۆژنامەوان وداهێنەری ئەلفوبێی کورمانجی بەشێوەی لاتینی لەڕووداوێکی هاتووچوو لە شام. |
| ٦٦ | ١٥ی ژووییەی ١٩٩٩ | کۆچی دوایی سەید سەلامی عەزیزی تێکۆشەر و چالاکوانی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هۆی نەخۆشی لە باشووری کوردستان. |
| ٦٧ | ١٦ی ژووییەی ٢٠٠٧ | شەهید کردنی شاعیرو نووسەری گەرمیان مستەفا قەرەداغی لە تەقینەوەکانی شاری کەرکووک. |
| ٦٨ | ١٦ی ژووییەی ١٩٤٤ | گفتوگۆی نێوان کۆمەڵەی هیوا و کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد و بەستنی پەیمانێک بە ناوی پەیمانی سێ سنوور . |
| ٦٩ | ١٦ی ژووییەی ١٩٤٦ | شەهید بوونی محەممەد نانەوازادە ئەندامی کۆمەڵەی (ژ - ک )یەکەمین فەرماندەرو جێگری سیاسی وەزارەتی هێزی کوردستان لەسەردەمی کۆماری کوردستان بە هۆی کەوتنە خوارەوەی فرۆکە لە نێزیک کەلیخان ناوچەی بانە. |
| ٧٠ | ١٧ی ژووییەی ٢٠٠٣ | کۆچی دوایی موجتەبا میرزادە هونەرمەندی ناوداری مۆسیقا ژەن لە شاری تاران. |
| ٧١ | ١٧ی ژووییەی ٢٠١٠ | ڕێورەسمی پەردلادان لە سەر مۆنۆمنتێی شەهید دوکتور قاسملوو لە شاری ڤییەن پێتەختی ئۆتریش. |
| ٧٢ | ١٧ی ژووییەی ١٩٨٧ | یەکەم کۆبوونەوەی بۆ باس کردن و پێکهێنانی بەرەی نیشتمانی لەباشووری کوردستان. |
| ٧٣ | ١٧ی ژووییەی ١٩٩١ | ڕاپەڕینی دووهەمی کۆمەلانی خەڵکی تێکۆشەری شاری سلێمانی. |
| ٧٤ | ١٨ی ژووییەی ١٩١٩ | کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان سپای رووسیە یان لە شاری ڕەواندوز لە باشووری کوردستان کردە دەرەوە. |
| ٧٥ | ١٨ی ژووییەی ١٩٣٧ | مۆرکردنی پەیمانی دۆستایەتی لەنێوان عێراق و ئێران بۆ لێدانی بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کورد. |
| ٧٦ | ١٨ی ژووییەی ١٩٧٦ | کۆچی دوایی ڕەمزی مەلا مارف شاعیری بە تواناو ناوداری کورد. |
| ٧٧ | ١٨ی ژووییەی ١٩٩١ | کۆچی دوایی حوسێن عەلی هونەرمەندی گورانیبێژی دەنگ خۆشی گەرمیان. |
| ٧٨ | ١٨ی ژووییەی ١٩٩٤ | دامەزراندنی یەکیەتی مافپەروەرانی کوردستان. |
| ٧٩ | ١٨ی ژووییەی ٢٠٠٩ | کۆچی دوایی عەلی لەتیف یاریزانی تۆپی پێ،باسکیدباڵ و شارەزای هونەری شێوەکار. |
| ٨٠ | ١٨ی ژووییەی ١٩٨١ | شەهید بوونی جەماڵ مفتی هونەرمەندی شۆرشگێری کورد لە شاری مەهاباد. |
| ٨١ | ١٩ی ژوییەی ٢٠١٠ | کۆچی دوایی سەفوەت جەراح هونەرمەندی شانۆکاری بە توانای کورد لە شاری هەولێر. |
| ٨٢ | ٢٠ی ژووییەی ١٩٧١ | کۆچی دوایی عاسم حەیدەری ئەدیب و نیشتیمان پەروەری کورد لە شاری هەولێر. |
| ٨٣ | ٢١ ی ژوییەی ١٩٢٢ | مستەفا پاشای یامولکی بۆ پشتیوانی شێخ مەحمود کۆمەڵەی کوردستانی لە شاری سلێمانی دامەزراند. |
| ٨٤ | ٢١ ی ژوییەی ١٩٣٠ | بۆ بەهانا و یارمەتی کردنی شۆرشی ئارارات،شێخ ئەحمەدی بارزان ٢٠٠ چەکدار ڕەوانەی باکووری کوردستان کرد. |
| ٨٥ | ٢١ ی ژوییەی ١٩٥٨ | ئازاد کردنی شێخ ئەحمەد بارزانی لەدوای ١٢ ساڵ لە بەندیخانە،لەسەر بریاری شۆرشی عێراق. |
| ٨٦ | ٢١ ی ژوییەی ٢٠٠٣ | دەستگیرکردنی عەلی حەسەن مەجید ناسراو بە عەلی شیمیایی جەنایەتکاری ڕێژیم بەعس لەشاری سامەرا لە عێراق. |
| ٨٧ | ٢١ ی ژوییەی ٢٠١٠ | کۆچی دوایی شێخ جەلالەدین حوسێنی چالاکی سیاسی و سکرتێری سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران لە شاری هەولێر. |
| ٨٨ | ٢١ی ژووییەی ١٩٢٦ | دامەزرانی کۆمەڵەی زانستی کوردان (کۆمەڵەیەکی لیبرال) بووە لە شاری کەرکوک. |
| ٨٩ | ٢٢ی ژووییەی ١٩٨٨ | بوردمانی شیمیایی کۆندی زەردە لە ناوچەی دالاهۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەدەست حکوومەتی بەغدا. |
| ٩٠ | ٢٢ی ژووییەی ١٩٩٤ | واژۆ کردنی ڕێککەوتنامەی ئاشتی لە نێوا پارتی دیموکرات و یەکیەتی نیشتمانی کوردستان بەبەشداری خاتوو دانیل میتران. |
| ٩١ | ٢٢ی ژووییەی ٢٠٠٣ | کوژران و بە سزا گەیاندنی عودەو قوسەی دوو کورە جەنایەتکارەکەی سەددام حوسێن لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە. |

# یادێک لە ٢٣ ساڵەی بوردمانی شیمیایی گۆندی زەردە لە ناوچەی داڵەهۆ



نووسینی: ئێقبال سەفەری

بەرەبەیانی ڕۆژی ٣١ی پۆشپەڕی ساڵی ١٣٦٧ و لە دوارۆژەکانی تەواو بوونی شەڕی نێوان دوو وڵاتی ئێران و ئێراقدا، گوندی زەردەش وەک زۆر شارو شارۆچکەی دیکەی کوردستان،
کەوتە بەرهێرشی چەکی شیمیایی ڕێژیمی گۆڕکراوی (بعث). لە سەرەتای ئەو هێرشەدا ٢٧٥ کەس لە خەڵکی ئەو ناوچەیە گیانیان لە دەست داو زیاتر لە ١١٤٦ کەسیش بریندار بوون. ئەگەرچی ئەو تاوانە بە بریاری ڕێژیمی (بعث) و بە دەستی ئەوانیش بەڕێوە چووە، بەڵام تاوانی کۆماری ئیسلامیش لەو پێوەندیەدا، لە ڕێژیمە تێداچووەکەی سەدام کەمتر نەبووە. لەوانەیە لەم پێوەندیەدا ئەو پرسیارە بێتە ئاراوە کە ئەگەر دەوڵەتی ئەوکاتی ئێراق بەڕێوەبەری ئەو کردەوە دڕندانەیە بووە، ئەی پێوەگلانی کۆماری ئیسلامی لەو تاوانەدا کامانەن؟. بۆ وڵامدانەوە بەو پرسیارە، چەند سەرنجێک دەخەینە سەر هەڵویستو کردەوەکانی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە خەڵکی ئەو ناوچەیە.
گۆندی زەردە کە لە بناری داڵەهۆ سەر بە شارستانی کرندی ڕۆژئاوا لە پارەزگای کرماشان هەڵکەوتوە. ئەو ناوچەیە لە باری جۆگرافی، لەشکری، سیاسی، کەشو هەواو گەشتیاریو ئاینیەوە، گەلێک ستراتژیکو گرینگە. ئەو مەڵبەندە لە باری سیاسیەوە بە درێژایی مێژووی خۆیدا، شوێنی بەرهەڵستکاریو خۆڕاگری لە گەڵ داگیرکەران و هێرشکەرانی بێگانەی ئاینیو ئەتنیکی بووە. بونی گۆڕی باوە یادگار، داود کەوسوار، شا ئیبراهیم، مستەفای دەودان و زۆر کەسایەتی سیاسی و ئاینی دیکە لەو ناوچە شاهیدی بۆ خۆڕاگری باب و باپیرانی کوردەکانی یارسانی لەو دەڤەرە دەدەن. خەڵکی ئەو دەڤەرە خاوەنی کەلتۆر و کەلەپوری دێرینی کوردو کوردەواری بوونەو هەن. ئەوان بۆ بەرگری لەو داب ونەریتە ڕەسەن و کوردیەی خۆیان، تووشی زەرەرو زیانی زۆر هاتون، بەڵام هەرگیز بە چۆکدا نەهاتون و پشتیان نەکردوەتە ڕەسەنایەتی خۆیان.

سەرچاوە
Serchawe

# پیرەدار

برایم جەهانگیری

لەبناری،
پیرەداری،
چەتری سەری کانی یەکی ساردی کوێستان بوو
لە خوارەوە،
لە نزمی دا،
جارێکی پڕ دڕک و داڵ بوو
پۆڵکەمارە و نووسەنەکەی لێ روا بوو..
پێش خەزەڵوەر وەبەر شەقی با دەکەوتن
جارجار سەرەنگرێ دەبوون،
جارو بارە بۆی دەکەوتن
کە سەیری سەرێیان دەکرد..
دار،
بە ئاستەم دەشنایەوە..

* * *

ڕۆژێ لە پڕ کۆبوونەوە
بە تەور و داس،
بیور و مشار،
هەڵیان کوتایە پیرەدار
بیور بەر بووە جەستەی خەستەی،
لق و پۆپی دار..
کەوتە بەر تەوژمی مشار..
چی پێنەچوو
دیسانەوە هەر پیرەدار
لقی دەرکرد هەزار هەزار
لەو دەمەدا خاک توورە بوو
بانگی جاڕ و دڕو داڵێ ئەم ناوەی دا..
ئەی ئەوانەی دەگەڵ با دان
گوێ ڕادێرن پێتان بێژم!
پیرەداری ئەم بنارە
بۆتە باڵای ئاسمان و
لە هەر شوێنێ سەر هەڵبڕی هەر لێت دیارە
پیرەدارم قەت بە ئێوە لە بن نایە
پیرەدارم...
هەزار ڕەگی خۆشەویستی لە خاک دایە



R.N